# پەیامەکان

گۆڕانکاری ئەو کاتە ڕوو دەدات کە
تۆ سوود لە پەیامەکان وەربگریت

نوسینی
موحەممەد ناجی

کتێبخانەی (PDF)

# پـەیـامـەکان

نوسینی

موحەممەد ناجی

# گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




**کتێبخانەی ( PDF )** >

Public group · **100K** Members

# پێشەکی

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان،
داواکارم لە پەروەردگار وەکو خزمەت
کارێکی قورئانەکەی قبولّم بکات، وە
شارەزامان بکات لە ئایینە پیرۆزەکەی،
پێم باشبوو لەم کتێبەدا چەند ئایەتێکی
قورئان کۆوە بکەم وڕاڤەی بکەم لە
دوای ڕاڤە کردنی لێدوانێکی خۆم بنوسم
لەسەر ئەو ئایەتە، لێدوانەکانیشم پشت
ڕاست ئەکەمەوە بە فەرموودەکانی
پێغەمبەری خودا دروودی خوای لەسەر
بێت یان وتەی هاوەڵە بەڕێزەکانی یان
وتەی پیاو چاکان، ڕاستییەکەی لەوە
تێگەیشتوم لەم ڕۆژەگارەی ئێمەدا
خەڵکی زیاتر گرنگی بە نوسینێکی

جیاواز وکورت و پوخت دەدەن وەک لەوەی درێژ وماندوو کەربێت، بۆیە منیش هەر وام کردووە بە شێوەیەکی ئاسانیش مەبەستەکانم گەیاندووە، قسەی قوڵ و گران مەبەست نییە لە نوسین، بەڵکو گەیاندنی پەیامەکەت بە شێوەیەکی ڕوون وئاسان کە خەڵکی سودی لێ ببینن ئەوە مەبەستە سەرەکییەکەیە، ئیمامی عەلیش ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: هەر کات قسەیەکت کرد بۆ کۆمەڵە کەسێک، قسەکەت ناڕوون بوو هەندێک لێی تێگەیشتن، وە هەندێکیش لێی حاڵی نەبوون، ئیللا ئەو قسەیەت دەبێتە فێتنە وبەڵا بۆ ئەوانەی لێی حاڵی نەبوون، داواکارم خودا یارمەتی دەرم بێت بتوانم بە جوانی مەبەستەکانم بگەیەنم .

# پەیامی یەکەم

## {أَلَم يَأنِ لِلَّذِينَ ءامَنُوا أَن تَخشَعَ قُلُوبُهُم لِذِكرِ اللَّهِ}

واتــە: ئایە کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ بڕواداران کە دڵیان ملکەچ بێ بۆ ئامۆژگاری خوا وئەو قورئانەی کە ناردوویەتیە خوارەوە؟؟.

" دڵ ڕەقی وبێ ئاگایی لە سیفەتی بڕواداران نییە، بەڵکو ئەوان ئەبێت هەمیشە خودایان لە یاد بێت، مرۆڤ

هەر شتێکی خۆش بوێت زۆر باسی ئەکات، ئایە ئێمە لە دانیشتنەکانماندا زۆر باسی خودا ئەکەین..؟!

خوای گەورە کاتێک باسی ئیمانداران دەکات دەفەرمووێت: ئیمانداران خۆشەویستترین زات بەلایانەوە زاتی پیرۆزی اللەیــە، هەروەها لە ڕۆژی دواییدا مرۆڤ بۆ هیچ شتێک ئاهو حەسرەت ناچێژێت تەنها بۆ ئەو ساتانەی نەبێت بە سەری بردووە دوور لە یادی خودا، مرۆڤ ژیانی ڕۆژانەی لەسەر چی بژیت، لەسەر ئەوە پیر دەبێت ولەسەر ئەوەیش دەمرێت، ئاگات لە ئێستات بێت چونکە داهاتوت دیاری دەکات".

# پەیامی دووەم

**{واذ تَأَذَنَ رَبُّكُم لَئِن شَكَرتُم لأَزِيدَنّكُم وَلَئِن كَفَرتُم إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيد}**

واتــە: لە یادتان بێت کە: پەروەردگارتان بڕیاری داوە سوێندبێ بێگومان ئەگەر سوپاسگوزارو شوکرانە بژێربن ڕزق وڕۆزی ونازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕژێنم وە زیادی دەکەم، بەڵام: ئەگەر نا شوکروسپڵە بن، بە ڕاستی ئەوکاتە ئیتر تۆڵەوسزای من زۆر بە ئازار دەبێت.

"ئەگەر ئێمەی مرۆڤ کەسێک پێنوسێکمان پێ بدات چەند جار پێی دەڵێین (سوپاس ئەزیەتت کێشا قوربان) بەڵام بۆ ئەم هەموو نازو نیعمەتانەی خودا توخوا ڕۆژێک لە دڵەوە وتمان سوپاس بۆ تۆ پەروەردگار؟! کوا وەفا وپێزانینمان؟؟!

پیاوێک لە سەلەمەی کوڕی دینار دەپرسێت: سوپاسی ئەو دوو چاوەی خودا پێی داوم چییە؟ سەلەمەیش فەرمووی: ئەگەر خێر وچاکەیەکت پێی بینی باسی بکە ئەگەر خراپەیەکیشت بینی ستری بکە وباسی مەکە لەلای خەڵکی".

# پەیامی سێهەم

## {إِنَّ اللّهَ لاَ يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ}

واتــە: بە ڕاستی خوا هیچ شتێکی لێ وون نابێت، نە لە زەوی وە نە لە ئاسماندا.

"خودایەک هیچی لێ ون نەبێت لە زەوی وئاسماندا، چی ستەمێکی گەورەیە بچیت هانا بۆ کەسێک ببەی بۆئەوەی دەنگت بگەیەنێت بە خودا؟! خودا ئاگای لەو قسانەی دڵتە وا هێشتا

نەتکردووە، بەڵکو ئەشزانێت ئەگەر ئەو قسانەی دڵت بکەیت چۆن ئەیکەیت.

عومەری کوڕی خەتاب ڕۆژێکیان بە دەشتاییەکدا تێدەپەڕێت شوانێک دەبینێت بە شوانەکە دەڵێت: مەڕێکم پێ بفرۆشە لەم مەڕانە شوانەکەیش فەرمووی: ماڵی من نییە ناتوانم من کویلەم سەرگەورەم هەیە، عومەرپێی فەرموو: بە سەر گەورەکەت بڵێ گورگ خواردی(عومەر ڕەزای خوای لێبێت تاقی ئەکاتەوە)

شوانەکەیش فەرمووی: سبحان الله!! ئەوە بە سەید وسەرگەورەکەمم وت گورگ خواردی ئەی چی بە خوای گەورە بڵێم؟!! عومەرڕەزای خوای لێبیت دەستی کرد بە گریان فەرمووی:

بڕۆ ئازادت دەکەم لە کۆیلایەتی تەنها لەبەر ئەوەی وتت (ئەی چی بە خوای گەورە بڵێم) ئومێدە وارم ئەو قسەیەت لە قیامەتیش ڕزگارت بکات.

کەسی لە خوا ترس هەمیشە جێی دڵخۆشیە، لەم ڕۆژگارەی خۆمانیشدا ئەبینیت کەسانێک دژایەتی ئایین و ئەهلی مزگەوت دەکەن، بەڵام ئەگەر بە دوای کەسێک بگەڕێن بۆ ئەوەی لەسەر کار ودوکانی خۆیان دایان بنێن بە دوای کەسی دیندار ولەخوا ترس دەگەڕێن، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا گەورەترین مژدە وشایەتیە بۆ ئەو کەسانەی دەستیان بە دینی خواوە گرتووە .

# پەیامی چوارەم

**{إنّمَا يَعمُروا مَسَاجِدالله مَن ءامَنَ بِالله وَاليَومِ الآخِرِوأقامَ الصَّلاةَ وءاتَى الزّكَاةَ وَلَم يَخشَ إلا اللّهَ فعَسى أُولئِكَ أن يَكُونُوا مِنَ المُهتَدِين}**

واتــە:بەڕاستی مزگەوتەکانی خوا ئاوەدان دەکاتەوە کەسێک کە بڕوای هێنابێت بە خوا وبە ڕۆژیی دوای ونوێژەکانی بە جێ هێنابێ وزەکاتی دابێ ولەکەس نەترسابێ بێجگە لەخوا جا، بەڵکو ئەوانە لەو کەسانە بن کە ڕێنموونیی کراون.

"کەسی بڕوادار ئەو کەسەیە فەرمانی خودا جێبەجێ بکات ومزگەوتەکانی ئاوەدان بکاتەوە، نەک فەرمانی خودا ومزگەوتەکانی فەرامۆش بکات وخەریک بێت دنیا ئاوەدان بکاتەوە، واش بزانێت کە ڕێنموونی کراوە، بڕوادار نوێژ ومزگەوت لەدڵیدا گەورەیە.

هەتا دژەکانی ئیسلامیش شایەتیان داوە بۆ گەورەیی مزگەوت، زویمر قەشەیەکی گاورە دەفەرمووێت: موسڵمانان هەمیشە لە خێر و خۆشیدان هەتا وەکو قورئان ومزگەوت لە نێویاندا هەبێت".

# پەیامی پێنجەم

{لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ}

واتــە: لەوانەیە ئەی محمد (صلی الله علیە وسلم) نەفسی خۆت بە هیلاک بدەی لە غەم وپەژارەدا کە کافران باوەڕ ناهێنن.

"هەتا بۆ ئایینەکەی خودایش ئەوەی ئامۆژگاری وەرنەگرت وسوور بوو لەسەر ڕێگا هەڵەکەی خۆی وازی لێبنە، لەبەر ئەوەی سەرقاڵبوون بەهەندێ کەس کە قسە سوودی نییە لەگەڵیاندا ئەبێتە هۆی زایەکردنی نەفسی

خۆت،ئەمە ئەگەر بۆ ئایین وبەرنامەی خودا ئەوها بێت، ئەوە بۆ کارو باری دنیایی هەر قسەی خۆت بە زایە مەدە هەموو کەسێک خۆی باشتر لە ژیانی خۆی تێدەگات.

وەکو وتراویشە (هەموو هێلکەکانت مەکە ناو یەک سەبەتەوە) هەموو ژیانت لەیەک پڕۆژەدا سنوردار مەکە، بۆ نمونە: ئەگەر تۆ یاریزانیت هەموو کاتەکانت لە یاریدا تەواو مەکە ئەوەکانی تر فەرامۆش بکەیت، بۆ خەڵکیش هەروەها لە کوێ پێویستی کرد قسەیەکی چاک یان ئامۆژگاریەک قەیدی نییە بیکە، بەڵام زۆر ڕامەوەستە، چونکە دوا ئەکەویت".

# پەیامی شەشەم

{إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ}

واتـە: خوای گەورە دەفەرمووێ : ئێمە خۆمان قورئانی پیرۆزمان دابەزاندووە لەڕێگەی جبریلەوە کە (سوونـنەتیش دەگرێتەو ) وە هەر ئێمە خۆیشمان ئەیپارێزین و کەس ناتوانێت دەستکاری بکات وە زیاد و کەمی لێ بکات یان گۆڕانکاری لێ بکات تا ڕۆژی قیامەت.

"ئەم ئایەتە بەڵگەی کەم ئەقڵی بێباوەڕو مونافیقی تێدایە، چونکە ئەگەر کەمێک تێبفکرێن دژایەتی دین وقورئانێک

ناکەن کە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی داوە، هەروەها ئەم ئایەتە فێری متمانەت ئەکات موسڵمان متمانەی بە قسەی خودا هەیە، بە پلانی دوژمنانی خودا ناکەوێتە دڵە ڕاوکێ.

هەروەها ئیمامی قەتادە دەفەرمووێت: خوای گەورە قورئانەکەی پاراستووە لەوەی شەیتان قسەیەکی هەڵەی تێدا زیاد بکات، یانیش قسەیەکی حەق و ڕاستی تێدا کەم بکاتەوە . قورئانی پیرۆز وئاییینی ئیسلام هەمیشە جێی مەترسی بووە بۆ بێباوەڕان، چونکە ئەزانن ئەم گەشە کردنەی ئیسلام وقورئان کارێکی سروشتی وئاسایی نییە".

# پەیامی حەوتەم

{شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ}

واتــە: خوای گەورە خۆی شایەتی دەدات کە هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لەزاتی پیرۆزی الله وە مەلائیکەت و زانایانیش شایەتی دەدەن کە شایەتیەکی دادپەروەرانەیە،

هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە شایستەی پەرستن بێت ئیللا زاتی پیرۆزی الله نەبێت کە خوایەکی زۆر

باڵادەست و کاربەجێیە ، ئەمە گەورەترین شایەتییە کەلە دونیادا درابێت لەبەر گەورەی شایەتەکان کە مەلائیکەتەکان و خوای گەورە و زانایانە، وە پێغەمبەرانیش دەگرێتەوە ، وە لەبەر گەورەیی شایەتیدانەکە کە لەسەر تەوحید و یەکخواپەرستی خوای گەورەیە وە لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە وەسفی شایەتیەکەشیانی کردووە کە شایەتییەکی دادپەروەرانەیە.

"ئەوەندە بەسە بۆ زانایان کە شایەتیەکەیان لەگەڵ شایەتی خودا باسکراوە ئەوەیە گەورەیی زانست وگەڕان بە دوای زانست، نرخی مرۆڤ

پارە دیاری ناکات بەڵکو زانست نرخی دیاری دەکات، بەڕاستی هۆکاری هەموو ئەم دەرد و ناخۆشییانەی خەڵکی وا ئێستا تێیدان دوورییانە لە زانست و زانایان،

لە مالیزیا ڕێژەی تەڵاق گەیشتە 27٪ جا حکومەتی مالیزیا بڕیاری دەکرد کە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی ژیانی هاوسەری پێک دەهێنێت بەشداری خولێک بکات لەسەر ژیانی هاوسەری و چۆنێتی مامەڵە کردن،

لە دوای ئەم بڕیارە سەرژمێریەکیان کرد ئەنجامێکی جیاوازیان بینی27٪ دابەزیە 22٪، ئەمەیە گەورەیی زانست، زانست هۆکاری بەختەوەری مرۆڤە، دین وژینی جوان دەکاتەوە،

خەڵکی بە دەستی نارەحەتییەکانی ژیانەوە شکایەت دەکەن، کەسی خاوەن زانستیش لە ژێر سێبەری زانستەکەی ئەحەسێتەوە، ئیمامی زوهری دەفەرمووێت: مرۆڤ هیچ پەرستشێکی ئەنجام نەداوە باشتربێت وەک لە گەڕان بە دوای زانست.

هەروەها سوفیانی سەوری دەفەرمووێت: هیچ کردەوەیەک پلەی ناگاتە پلەی گەڕان بە دوای زانستدا، بە مەرجێک کەسەکە نییەتی بۆ خوا بێت، بۆ ئەوەی نەبێت بڵێن زانایە.

ئیمامی شافعی دەفەرمووێت: گەڕان بە دوای زانست لە نوێژی سوننەت باشترە".

# پەیامی هەشتەم

## {فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ}

**واتــە:** هەر کەسێک کردەوەی چاکەی کردبێت لە دنیادا بە ئەندازەی بچوکترین مێرولە لە قیامەتدا ئەجرو پاداشتەکەی وەرئەگرێ.

"کاتێک کە زانیت هیچ چاکەیەک لە لای خودا وون نابێت، ئەوپەڕی ژیریە بۆمرۆڤ کە بەبەردەوامی پاداشتی خوای گەورەی لە پێش چاوبێت، کاتەکانی بە فیڕۆ نەدات لەشتی بێ سوود، کردەوەی گەورەت پێ ئەنجام

نەدرا، زیکری خودا بکە، زیکرت پێ نەکرا، با قسە وڕەفتارت جوان بێت وشەڕت لەخەڵکی دوورەوە بکە، ئەویش هەر پاداشتە،

ئەم ئایەتە فێری ئەوەمان ئەکات بە وردی لە شتەکان بڕوانین چاکە بە بچوک نەبینین هەر چەندە بچوکیش بێت، گوناحەیش بە بچوکی تەماشا نەکەین هەر چەندە لە چاوی خۆماندا بچوک دەربکەوێت..

جوانی ئیماندار لەوەدایە خاوەن بەرنامەیە و وردبینە، لە قسەیەکدا تا ورد نەبێتەوە نایکات، هەر کارێک گومانی لەسەر بێت وزیانی هەبێت بۆ

دینەکەی جێی پرسیارە لەلای ئەو؟،
کاتێک خەڵکی پەلەیانە بۆ بەدەست
هێنانی تاوانێک ئیماندار بۆ مزگەوت
هەنگاو دەنێت بەڵکو زووتر بگاتە ئەو
ئارامییەی مزگەوت، عەتائی سولەمی
یەکێکە لە پیاوچاکان پێی دەڵێن: عەتاء
ئەگەر ئاگرێک بکەنەوە لە دونیادا پێت
بوترێت خودا ئەتخاتە بەهەشتەوە ئەگەر
بچیتە ناو ئەم ئاگرەوە، دەچیت؟؟!
عەتائی سولەمیش فەرمووی: ئەترسم
لە خۆشی لێخۆشبوونی خۆدا ڕۆحم
دەربچێت تا ئەگەم بە ئاگرەکە!! واتە بە
ئەوپەڕی خۆش حاڵییەوە دەچم! براکانم
من ئیشم بێ ئومێد کردنی خەڵکی نییە،
بەڵام کردەوەی زۆرێک لە خەڵکی
پێچەوانەی ئەو کردەوانەیە وا بەهەشت
ئەیخوازێت، بەهەشت گران بەهایە".

# پەیامی نۆیەم

{الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ}

واتــە: لە سیفاتی باوەڕدارەکان ئەوەیە نوێژەکانیان ئەنجام ئەدەن بە ڕوکن ومەرج و واجب وخشوع وسوننەت وشێوازەکانی لەکاتی خۆیدا، وە لەو ماڵەیشی کە پێمان بەخشیون نەفەقەی خێزانیان ومنداڵیان دەکەن وزەکاتی ماڵەکەیان ئەدەن.

"خوای گەورە لەم ئایەتەدا نەیفەرموو لە سیفاتی باوەڕدارەکان ئەوەیە کە نوێژ ئەکەن، بەڵکو فەرمووی (یقیمون

الصلاة) واتاکەی ئەوەیە بە جوانترین شێوە نوێژەکانیان ئەنجام ئەدەن ئەوەی مەرجی نوێژ بێت ئەوان ئەنجامی ئەدەن، ئەوەی سوننەت بێت ئەنجامی ئەدەن، بگرە بە ڕادەیەک نوێژ گرنگە بەلایانەوە هەرکات بیرو هۆشیان لەلای نوێژەکەیان نەما بە زووترین کات بێدار ئەبنەوە،نەک وەکو هەندێ مرۆڤ لەگەڵ خەیاڵەکەیدا دەڕوات هەتا وەکو سەلام ئەداتەوە پەنا بەخوا!!

یەک پرسیارێک دەکەم، ئەگەر بتبەنە پێش دەسەڵاتدارێکی گەورە، دەسەڵاتدارەکە پێت بفەرمێت: دوو ڕکات نوێژم بۆ بکە دەهەزار دۆلارت پێ ئەدەم بەڵام بە جوانترین شێوە،ئایا هەر هەمان ئەم نوێژەی ئێستات دەکەیت..؟!!

# پەیامی دەیەم

{وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُواْ ٱلَّتِى هِىَ أَحۡسَنُ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ يَنزَغُ بَيۡنَهُمۡ}

**واتە**: ئەی محمد صلى الله عليه وسلم بەندەکانم بڵێ: با باشترین وتە بەرامبەر یەکتری بەکار بهێنن وزبری وڕەقی وتوندو تیژی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر قسەی خراپ بکەن بە دڵنیایی شەیتان ڕق وکینە ودژایەتی ئەخاتە نێوانیانەوە.

"ئەم ئایەتە فێری ئەوەت ئەکات گاڵتە کردن لەگەڵ هاوڕێ ودۆستانت کەمەوە بکەیت، هەروەها فێری ئەوەت ئەکات

پێش ئەوەی قسە بکەیت بزانیت چی دەڵێیت، هەروەها ئەوەی لێ وەر دەگیرێت پەرداخ ئەوەی لێ دەڕژێت کە تێیدایەتی، ئەگەر هەمیشە قسە ورەفتارت ناشیرین ونەشیاو بوون پێویستیت بەوەیە ناخت پاکەوە بکەیت ئیماندار نابێت پیس بێت چی لاشە وجل وبەرگی چی ناخی وزمانی، پێغەمبەری خودایش درودی خوای لەسەر بێت گاڵتە کردووە بەڵام هەندێ جار، عادەتی وا نەبووە گاڵتە زۆر بکات، ئیماندار ئەبێت هاوسەنگی ڕاگرێت لە نێوان ئەوەی جدی بێت و لەهەمان کاتیشدا ڕوو خۆش وقسە نەرم بێت، قسەکردن وەکو دەوا وایە کەمێکی بەسوودە، زۆڕ بەکار هێنانی زیان بەخشە، فرەوێژی عەیبە نییە بەڵکو نەخۆشیە".

# پەیامی یانزەیەم

**{إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍۢ}**

**واتــە:** بە ڕاستی چاکەکاران لە نازو نیعمەت دان.

"چاکەکاران لە نازو نیعمەت دان نەک تەنها لە دوا ڕۆژ بەڵکو لە دنیا وناو قەبر وقیامەتیش، توخوا چی کەسێک لە ئیماندار بەختەوەرترە!! ئەو هەستەی ئیماندار هەیەتی لە دوای تەواو بوونی لە نوێژێک کە بە جوانترین شێوە ئەنجامی داوە گەورەترین دەوڵەمەندەکانی دنیایش تام وچێژی ئەو

هەستەیان نەکردووە، هەندێک لە سەلەف فەرموویانە: ئەگەر پاشاو دەسەڵات دارەکان بزانن ئێمە لە ناخەوە چەند دڵخۆش وبەختەوەرین، ئەوە ئەهاتن بە شمشێر ئەجەنگان لەگەڵ ئێمەدا هەتا ئەوبەختەوەریەمان لێ بستێنن، ئیماندار هەتا زیاتر خودا بناسێت بەختەوەرترە، هەتا زیاتر ڕەوشتی جوان بێت بەختەوەری زیاتر مێوانێتی، تەمەنێک بە دوای پێناسەی بەختەوەریدا گەڕام (بەختەوەر کێیە) دەرچو کەسی بەختەوەر ئەو کەسە وا دەبەخشێت نەک ئەو کەسەی وا وەردەگرێت، هەمیشە بەخشندەبن، بەخشین تەنها بە پارە نییە، بەخشینی خۆشەویستی وڕێز گەورەترین بەخشینە".

# پەیامی دوانزەیەم

{فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا}

واتە: پێغەمبەر نوح: پێم وتن داوای لێخۆشبوون بکەن لەو کوفر وشیرکەی کە پێشتر کردوتانە ئەبینن خودا چەند لێخۆشبووە بۆ ئەو تاوانبارانەی کە داوای لێخوشبون ئەکەن.

"داوای لێخۆشبوون ئەمن و ئەمانە بۆتاک وڵات سەرفرازی مرۆڤی تێدایە، خوای گەورە هەرگیز کەسێک سزا نادات کە داوای لێخۆشبوونی لێ ئەکات..

کات دەڕوات، بەشی تۆ لەم ژیانە، تەنها ئەوەیە وا لە پەرستنشی خودا بەسەری دەبێت.

ئیمامی ئیبنو لجەوزی دەفەرمووێت: لە نیشانەکانی کامڵ بوونی ئەقڵ هیمەت بەرزیە، ڕازی بوون بە شتی بچوک وکەم نیشانەی کەمی خاوەنەکەیەتی.

ئەبو تەممام: ئەوەی ڕۆح وشەوق و جۆشی نەبێت بۆ سەرکەوتن بە سەر چیاکاندا، ئەوە بە درێژایی تەمن لە بن بەرد وتاوێرەکاندا ژیان بەسەردەبات.

مرۆڤ نابێت بەردەوام لاواز وتەمبەڵ بێت، یادی خودا وداوای لێخۆشبوون کردەوەی زمانە هیچ ماندوویەتیەکی تێدا نییە، هەمیشە بڵێ: استغفرالله".

# پەیامی  سیانزەیەم

{وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ}

واتــە:هەموو شتێکی پاک و بەتام و چێژ و بەلەزەتیان بۆ حەڵاڵ دەکات ، بەتایبەتی ئەوەی کە بەنو ئیسرائیل کاتی خۆی لە خۆیان حەرام کردبوو، وە هەموو شتێکی پیسیان لێ حەرام دەکات.

"بنەمایەک لەم ئایەتەدا وەردەگرین ئەویش ئەوەیە هەموو پیسێک خواردنی حەرامە، پرسیار لەو کەسانەیش ئەکەین کە دەڵێن جگەرە حەڵاڵە، ئایە ئێوە جگەرە لە پاکەکان دەژمێرن یان

پیسەکان؟ دڵنیام هەموو ژیرێک دەڵێت لە پیسەکان دەژمێردرێت، پێویستیش ناکات بلێیت خودا لە قورئانە نەیوتوە جگەرە حەرامە، ئەوەتا بەم ئایەتە پێتی وتووە حەرامە،

ئەگەر کارێکی نەشیاو وحەرام ڕەگی لەدڵتدا کوتی ئەوە تەنها لەبەر ئەو حەزەی خۆت حەرام حەڵاڵ مەکە، چونکە تاوانێکی زۆر گەورەیە قسە کردن بە ناوی خوداوە و حەرام حەڵاڵ کردن.

لە حوزەیفەی کوڕی یەمان دەپرسن مرۆڤ چۆن بزانێت توشی فیتنە بووە لە دینەکەی؟ حوزەیفەیش فەرمووی: ئەو کارەی وا دوێنە بە حەرامی ئەبینی ئەمڕۆ بەحەڵاڵی دا ئەنێت".

# پەیامی چواردەیەم

## {فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلا يَضِلُّ وَلا يَشْقَى}

واتــە: جا ئەگەر بە پێغەمبەراندا پەیامتان بۆ هات لەلایەن منەوە ئەوسا ئەوەی شوێنی ڕێنموونی من بکەوێ ئەو لە دنیادا گومڕا نابێت، لە قیامەتیشە بەد بەخت نابێت.

"سەرفرازی دنیاو قیامەت لەوەدایە دەست بە ئایینەکەی خوداوە بگرین، وە هەر کەسێک بەڕاستی دەست بە قورئان وسوننەتەکەی پێغەمبەری خوداوە بگرێت درودی خوای لەسەربێت ئەوە

لەبەد بەختی ڕزگاری بووە، شوێن کەوتنی قورئان تەنها خوێندنەوەی قورئان نییە، ئایە تۆ ئێستاکە چەند حوکمی شەرعی ئەزانیت لە قورئان وجێبەجێت کردووە؟ هەمووومان ئەزانی خودا لە قورئاندا فەرمانمان پێ ئەکات زەمی یەکتر نەکەین درۆ نەکەین ئایە ئێمە گوێڕایەڵین؟!

مرۆڤ نابێت ڕۆژی لەسەر ڕێگایەک بێت، مرۆڤ ئەبێت خاوەن پڕەنسیپ بێت، ئەبو بەکر ئەفەرمووێت: لە کاتی نەفامی پێش ئیسلامیش من ئارەقم نەخواردووە چۆن شتێک دەخۆم مێشک نەهێڵێت وبێ ئەقڵم بکات!! ها مرۆڤ خاوەن پڕەنسیپ بێت چۆن بیر دەکاتەوە؟!

ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خودای لێبێت: دەڵێت لەو کاتەی زانیومە زەمکردن حەرامە زەمی کەسم نەکردووە!!

ئیمامی شافیعی دەفەرمووێت: هەرگیز سوێندم بە خودا نەخواردووە نە بە درۆوە نە بەڕاستی.

ئێمە چەند جار لەبەر بەرژەوەندییەکانمان سوێندمان بە درۆیشەوە خواردووە؟! کام پڕەنسیپ وکام هیدایەتە ئێمە دەستمان پێوە گرتووە؟!! منداڵ دێتە دنیاوە دڵێک وڕۆحێکی پاکی هەیە دایک وباوکی فێری هەزار درۆ وفێڵی دەکەن، کام هیدایەتە ئەمە وا ئێمە دەستمان پێوە گرتووە..!! ".

# پەیامی پانزەیەم

{إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلۡقُوَّةِ ٱلۡمَتِينُ}

واتــە: بە ڕاستی تەنها خودا خۆی ڕۆزی دەرە، کە خاوەن دەسەڵاتی زۆر بەهێزە.

"کاتێک ئەچیتە قەبرستان ئەبینیت هەر کەسەو بە ڕووداوێک مردووە بەڵام قەت نەمانبینیوە کەسێک لە برسا مردبێت!! ئیتر ئەم کوڕزانەوە بۆ؟ هەمیشە دەڵێی نیمە؟! یان ئەگەر ئەم مووچەمانە پێ نەدەن لە برسا ئەمرین، بۆ چی تۆ ڕۆزیت بە دەست کێیە؟!

موسڵمانان ئیسلام تەنها نوێژ نییە ئاگاتان لە دڵتان بێت، بزان دڵتان پەیوەستە بە مرۆڤەکان یان خوای مرۆڤەکان؟! بۆ زانیاری بەڕێزتان، هەتا لە ئەفریقایش کەس نییە لەبرسا بمرێت، ئەوەی مردووە ڕۆژی تەواو بووە، ئەوەندە لە ترسا مەژین!!

زۆرێک لە خەڵکی لەترسی ڕوودانی کارێک لە ترسا دەژین، ڕوودانی ئەو کارە هێندەی ترسەکەیان لە ڕووداوەکە زیانیان پێ ناگەیەنێت!!

ترس ڕێگری ناکات لە مردنت، بەڵام ڕێگرە لە ژیان کردنت، لە 90% ئەوشتانەی لێی ئەترسیت ڕوونادەن!!

ئەوەندەیش خەمی ڕۆزیت نەبێت چونکە لەلای مرۆڤەکان نییە، لەلای خودایە".

# پەیامی شانزەیەم

{قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوۡلَىٰنَا}

واتــە: ئەی موحـەممەد (صلى الله عليه وسلم) بڵـێ هیچمان توش نابێت بێجگە لەوەی کە خوا نوسیویەتی بۆمان خوا پیشتیوانی ئێمەیە.

"باوەڕدار لە ترس و دوو دڵیدا ناژیت چونکە خاوەن ئایینێکە کە بە متمانە ودڵنیاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، وە دڵنیاییشە ئەوەی خودا نوسیویەتی هەر ئەوە ڕوو ئەدات، بەڵام زانینی ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤ دەست بەو

هۆکارانەوە بگرێت کە شەرعین، بۆ نمونە: کاتێک نەخۆشیت نابێت بڵێی ئەوەی خودا نوسیویەتی هەر ئەوە ئەبێت ودەوا ناخۆم نەخێر، دەواکە دەخۆێت ودەڵێی خودا ئەم دەوایەی کردە هۆکاری چاک بوونم، نەک خودی دەواکە خۆی شیفات بدات، لەم قسانە جوان تێبگەن ئەزیزانم لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە، هەر وەها مرۆڤی ئیماندار پشت بەخودا ئەبەسێتێت چونکە ئەزانێت چاو تروکانێک پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت بەهیلاکە ئەچێت.

خۆشەویستی خودا لەدەست بدەی هەموو دونیا هی تۆ بێت دۆڕاویت..".

# پەیامی حەڤدەیەم

**{إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا}**

**واتــە:** بە ڕاستی ئەوانە کە ئیمان وباوەڕیان هێناوە وە کردەوەی چاکەیان کردووە، بەهەشتەکانی فیردەوس جێگای ئەوانە.

"ئیسلامەتی تەنها نوێژ و ڕۆژوو نییە وەک ئەبینین خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئیمانی پێش کردەوە کردن باس کردووە، ڕەنگە هەندێ جار کەسێک نوێژ بکات وحەج بکات بەڵام ئیمانی هێشتا

دانەمەزراو بێت!! ڕەنگە پێنج فەرزە لە مزگەوت بێت بەڵام درۆ بکات مەگەر پێشەوای مرۆڤایەتی لەفەرموودەیەکدا نەیوتوە ئیماندار درۆ ناکات!! ئەبو بەکر بە چی کردەوەیەک لەپێشی سەحابەکانی ترەوە بوو؟ بە زۆری نوێژ وڕۆژو؟نەخێر، بە ئیمانێکی بە هێز کە لەدڵیدا چەسپی بوو،ئاگاداربن لە پێگەی نوێژ وکردەوەکانی تر کەمەوە ناکەم، تەنها ئەمەوێت لە ڕاستی بابەتەکان بگەین، ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو: ئیمان زیاد دەکات وکەم دەکات، بە کردەوەی چاک زیاد دەکات، بە وازهێنان لە کردەوەی چاک کەم دەکات. بۆیە ڕۆژانە با قورئان ویادی خودا بەشێک بێت لە ژیانتان، هەتا ئیمانتان هەمیشە لە زیاد بووندابێت..".

# پەیامی هەژدەیەم

**{إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا}**

**واتــە:** پێغەمبەرزەکەریا کاتێک پاڕایەوە و بانگی لە پەروەردگاری خۆی کرد بەنهێنی بانگی کرد، چونکە لای خوای گەورە دوعای نهێنی خۆشەویستترە.

"مرۆڤ کاتێک دەنگ بەرز ئەکاتەوە کە دەنگی نەگاتە بەرامبەر، بەڵام خوای گەورە وانییە، گوێی لەهەموو شتێک وهەموو کەسێکە لەیەک کاتدا، هەروەها ئاگای لە دڵتە هیچ پێویست ناکات دەنگ بەرز بکەیتەوە کاتێک نزا ئەکەیت، لە

ڕووی ئەدەبەوە جوانترە بە دەنگ نزمی نزا بکەیت، هەروەها تام وچێژێکی تایبەتی هەیە کردوەی چاکە کاتێک تەنها لە نێوان خۆت وپەروەردگارەکەتەتا بە نهێنی، تاقی بکەنەوە، هەروەها دوورترە لە ڕیایی وبەرچاوی بڵێن ها فلانە کەس نزا ئەکات، هەروەها خەم بۆ ئەو ڕۆژەتان بخۆن کە نزای تێیدا ناکەن، مرۆڤ ئەگەر داوا لە پەوەردگاری خۆی نەکات کاری ئاسان بکات، کێی تر ئەتوانێت کاری ئاسان بکات؟ بێگومان کەس..!

لەم دنیا بەهەشتێک هەیە، ئەوەی نەچێتە ناویەوە ناچێتە بەهەشتەکەی ئەو دونیا، بەهەشتەکەی ئەم دونیایە: پەیوەندیەکی ڕاستگۆیانەیە لەگەڵ خوای گەورە".

# پەیامی نۆزدەیەم

**{نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا}**

**واتـــه**: ئێمه ژیان وبژێوی ئەوانمان دابەش کردووه له ژیانی دونیادا.

"لوتکەی دڵنیایی ئەوەیه بزانیت ئەوەی خودا بۆ تۆ نوسیویەتی هەر بۆ تۆ دەبێت ئەگەر هەموو دنیا ڕێگر بن، کەس بەشی کەسێکی تر ناخوات، ئەم ئایەته فێرمان ئەکات به بەشی خۆمان ڕازی بین وحەسودی بەکەس نەبەین، هەر وەها فێری ئەوەمان ئەکات لەبەر کارو

کاسبی نوێژەکانمان نەفەوتێنین ودوای بخەین، چونکە خودا چەندی نوسیوە هەر ئەوەندەیە بە زۆر هەوڵ دان نییە، حاتمی کوڕی ئەسەم دەڵێت: لەو کاتەی لەم ئایەتە ورد بوومەوە ولێی تێگەیشتم کە هەموو کەسێک بەشی خۆی دەخوات ئیتر هەرگیز حەسودیم بە هیچ کەسێک نەبرد لە ژیانمدا.

هەندێ یاسا هەن لەم ژیانەدا بە پێچەوانەوە کار دەکەن، بە دوای خۆشەویستیدا بگەڕێیت هەرگیز پێی ناگەی، بە دوای پارەدا بگەڕێی هەرگیز دەوڵەمەند نابیت، بە دوای بەختەوەریدا بگەڕێی بەد بەختترئەبیت..!!

# پەیامی بیستەم

**"ثَمّ کانَ عَقِبَة الذینَ أسَاءُوا السُوأی أن کَذبُوا بآیاتِ اللهِ وَکانُوا بِها یَستَهزِءُون"**

**واتــە:** پاشان چارەنووسی ئەوانەی کە تاوان وخراپەیان کرد، سەختترین سزایە( دۆزەخ) لەبەر ئەوەی باوەڕیان نەهێنا بە ئایەتەکانی خوا و هەمیشە گاڵتەیان پێ دەکرد.

"خوای گەورە نایەوێت ئێمە سزا بدات بەڵام هەندێ کەس بە ویستی خۆیان دۆزەخ هەڵدەبژێرین، پاشان گاڵتە کردن بە ئایین وئایەتەکانی خودا بە داخەوە

ئێستا بووەتە مۆدێل لەلای هەندێک لە گەنجان کاتێک تورە ئەبن کوفر ئەکەن!! یان نوکتە دەڵێت لەسەر ئایین ومەلای ئایینی، یان گاڵتە کردن بە سوننەتی پێغەمبەری خودا دروودی خوای لەسەربێت، وەک سیواک وشەرواڵ کورتی، گاڵتە کردن بەهەموو ئەمانەی باسم کرد مرۆڤ لە ئایین دەر دەکات وکافر دەبێت، هیچ نەماوە گاڵتەی پێ بکرێت ئایین وبەرنامەی خودا نەبێت؟!.

لەفەرموودەدا هاتووە: مرۆڤ قسەیەک دەکات بە بچوکی ئەزانێت بەڵام خوای گەورە حەفتا ساڵ ئەیکاتە ناو دۆزەخەوە!! ئاگاتان لە زمانتان بێت، کتێب زۆر بخوێننەوە، پەروەردەیەکی

دەروونی خۆتان بکەن، هێندە بێ بەرنامە مەژین فێری ئەوە بن کە کۆنترۆڵی مێشک و دڵتان و زمانتان بکەن، با بیرۆکەی هەڵە ئاڕاستەتان نەکات، با قسە لە زمانتانەوە دەرنەچێت تا ئەو کاتەی خۆتان ئەتانەوێ قسە بکەن، با دڵتان بە کەیفی خۆی ڕقی لە ئەم وئەو نەبێت وحەسودی بە ئەم وئەو بیات، با هەست وقسەکانتان هەمووی لە ژێر بڕیاری ئێوەدا بێت ، برایانم ئێمە زۆر باسی کۆیلایەتی ئەکەین کە مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت، بەڵام زۆرێک لە ئازدی تێنەگەیشتون، لەبەر ئەوەی نە مێشکیان نە دڵیان لە ژێر کۆنترۆڵ وبڕیاری خۆیاندا نییە، کۆیلەی هەستەکانی خۆیانن، مەگەر ئەمە کۆیلایەتی ڕاستەقینە نییە؟؟!!

# پەیامی بیست و یەک

{سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ}

**واتـە:** خوای گەورە خۆی ڕێنموونیان دەکات دڵ وبیریان ساف وخۆش دەکات.

"بیرسافی وئارامی وهیدایەتت دەوێت؟ تەنها لەلای خوایە، بە هەڵەدا چویتە وا بزانیت گۆرانی یان جگەرەیەکی پیس ئەتوانێت ئارام ودڵ خۆشت بکات، وە خوای گەورە هیدایەتی کەسێک دەدات کە ئەو کەسە ڕێگای هیدایەت بگرێتە بەر، هیمای ئەو کەسەیش خوای گەورە هیدایەتی نەداوە ئەوەیە لە ناخەوە نا

ئارامییەکی تێدایە ترس ونارەحەتییەک دەستی بەسەر دڵیدا گرتوە پەنا بەخوا، پاکی ناخی مرۆڤ وگومانی باش بردن بە موسڵمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی خودا هیدایەتت بدات ،ئاگاتان لە ناخی خۆتان بێت..!!

هەروەها مرۆڤ پێویستە بە دوای حەقدا بگەڕێت وحەق و هیدایەتی بوێت، خوای گەورە هیچ پێویستی بەتۆ نییە، کە لە ناخەوە ڕقت لەحەق وئیسلامە هیدایەتت بدات!!

کاتێک ڕێگای سێلمانی ئەگریتە بەر چاوڕەێی ئەوە مەکە بگەیتە هەولێر، زۆرێک لە خەڵکی لە ژیان وا تێگەیشتون، وەکو بێباوەڕان دەژیت دەیەوێت وەکو سەحابە بمرێت!!

# پەیامی بیست و دوو

## {إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ}

**واتــە:** تەنها بەندە زاناكان ئەوان بە زانيارييەوە لە خواى گەورە دەترسێن.

"ئەم ئايەتە گەورەيى زانست وزانايانمان بۆ دەردەخات كەسى زانا پەرستشەكانى كەميش بن خۆشەويستترن لەلاى خودا وەک لە موسڵمانێكى سادە، لەبەر ئەوەى زانا بە زانستەوە خودا ئەپەرستێت، ابن عباس ڕەزاى خواى لێبێت دەڵێت: زانا ئەو كەسەيە شەريک بۆ خوا دانانێت

وحەڵاڵی بە حەڵاڵ دەزانێت وحەرامی بە حەرام دەزانێت، وئامۆژگارییەکانی خوای گەورە بپارێزێت وجێبەجێی بکات ودڵنیابێت کە دەگاتە خوای گەورە ولێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات.

هەروەها سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: ترسان لە خوا ئەوەیە لە تاوان بتگەڕێنێتەوە".

زانا ئەبێت لە دەروون زانی شارەزا بێت، زۆرجار فەتوایەک بۆ خەڵکی ئەدرێت بە شێوەیەکی نەگونجاو ئەو فەتوایە ئەگەیەننە کەسی بەرامبەر هەستێکی جیاواز لە ناخیدا ئەخوڵقێنن، خۆیان کە فەتواکە ئەدەن بە شێوە جوانەکەی لێی تێگەیشتون بەڵام بە شێوەیەکی نەگونجاو بۆ بەرامبەری باس

دەکەن، کەسی بەرامبەر توشی ترس ئەکەن توشی توند ڕەوی ئەبێت لە ئایین وخوا پەرستی، هەر بۆیە هەندێ جار کەسانێک لەلای بە ناو مامۆستای ئایینی وانەی شەرعی دەخوێنن گیرۆدەی هەندێ گرفتی دەروونی دەبن ئەو فێرخوازانە!!

وانەی شەرعی لەگەڵ زانای زۆر شارەزادا بخوێنن، بۆ ئەوەی ژیانتان جوانەوە بکات تێگەیشتنتانیش لە ئایین پاک وجوانەوە بکات، ڕێگە مەدەن هەرکەسەو بە ناوی ئایین وئامۆژگاریەوە کۆمەڵێک قەناعەتی خۆی بکاتە ڕاستیەکان ودین بەسەرتانەوە، دینی خوا دەقە، تێگەیشتنی کەسەکان لەدەق، نابێتە دەق.

# پەیامی بیست وسێ

**{وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ}**

**واتــه**: تیاچوون و لەناوچوون و سزای سەختی دۆزەخ بۆ هەموو کەسێک کە ڕووبەڕوو بە قسە تانەو تەشەر لە خەڵکی دەدات و گاڵتە و سووکاییەتیان پێ دەکات،هەروەها وە بە کردەوە سووکایەتی و گاڵتە بە خەڵکی دەکات.

"گاڵتە کردن بە خەڵکی ڕەوشتی ئیماندار نییە، گاڵتە کردن بەهەر کەسێک کە عەیبێک لە لاشەی هەیە یان کەم ئەندامە ئەوە بێ ئەدەبیە بەرامبەر خودا چونکە ئەو کەسە دروست کەری

خودایە، خۆی خۆی دروست نەکردووە، ئیبراهیمی نەخەعەی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت: هەندێ جار شتانێک ئەبینم بە دڵم نییە هیچ شتێک ڕێگر نییە لەوەی قسە لەو شتەدا بکەم تەنها ئەوە نەبێت ئەترسم ئەو شتەی بەسەری ئەو هاتووە بەسەری منیشا بێتەوە.

هەروەها ئیبن و حەجەری هەیتەمی دەفەرمووێت: هیچ کەسێک بەکەم تەماشا مەکە ڕەنگە ئەو کەسە لەلای خودا لە تۆ باشتر وبەڕێزتر بێت ونزیکتریش بێت.

ئەحنەفی کوڕی قەیس کاتێک زانایان باسی ژیانی ئەکەن ئەڵێن لە هەموو شتێکی ناشیرین لە ئەندامەکانی لاشە ئەو بەشێکی لەو ناشیرینەیە

وەرگرتووە، بەڵام سەر گەورەی هۆزەکەی خۆی بوو هۆزی (بەنو تەمیم) لەوەسفیدا دەڵێن: کاتێک توڕە بوایە سەت هەزار شمشێر بەدەست لەگەڵ توڕەییەکەی ئەودا توڕە دەبوون، بە بێ ئەوەی بزانن ئەحنەف بۆچی توڕە بووە!!

برایانم بە ڕواڵەت وشکڵ نییە مرۆڤ هەیە جوانترین کەسە زۆریش دەوڵەمەندە بەڵام زۆر بێ نرخە لە لای خودا وخەڵکیش..

لەلای خودا تەقوا وچاکە کاری پێوەرە، خودا لە ڕۆژی دوایدا کەسی چاکەکار دەکاتە بەهەشتەوە ئەگەر ئەو کەسە ناشیرینترین کەسیش بێت، کەسی خراپ وکافریش ئەکاتە دۆزەخەوە با جوانترین

کەسیش بێت، با لە دونیادا ژمارەی فۆڵۆوەرزەکانیشی سەت ملیۆن کەس بن..!!

سەرنجیش بدەن زۆرجار ئەوانەی وا گاڵتە بە خەڵکی ئەکەن کەسانێکی زۆر نەزان ونەفامن، جا نەزان ونەفام بەو واتا نا کە خوێندەوارییان نییە، بەڵکو لە تێگەیشتن لە مرۆڤ ومرۆڤایەتی لەوپەڕی نەفامیدان..!!

ئەگەر ئەقڵ وتێفکرانیان هەبوایە دەیانزانی مرۆڤ بە هۆی ئەخلاق و ڕەوشتیەوە سەرزەنشت ئەکرێت، نەک لەبەر ئەوەی جوان نییە یان دەنگی خۆش نییە یان درێژە یان کورتە هتد..!!

مرۆڤ بە، مرۆڤ بە پەروەردەکردنی خۆی ئەبێتە مرۆڤ!!

# پەیامی بیست وچوار

## {وَيَنصُرَكَ ٱللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا}

واتـە: خوا سەرت بخات ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سەرکەوتنێکی باڵا دەستانە.

"هەر کاتێک ئێمە دینی خودامان سەرخست خوای گەورەیش سەرمان ئەخات، زۆرێک دەسەڵاتی ناشکێتە سەر منداڵ وخێزانی خۆی ئەڵێت بۆچی ئیسلام و وموسڵمانان وایان لێهاتووە؟! ئەزیزی من تۆ خۆت وماڵ ومنداڵت چاک بکە با ڕەفتاڕت وقسەت بۆنی

ئیسلامەتی لێبێت، ئەوکات خوای گەورە سەرت ئەخات ئەگەر بە تەنیاییش بێت، سەرکەوتنی ڕاستەقینە بە دەست گرتنە بە ڕێبازی پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت، بە گوێ ڕایەڵی کردنی لەو شتانەی فەرمانی پێ کردووین، ئەنجامی بدەین وە دوور بکەوین لەهەرشتێک کە قەدەغەی کردووە لەسەرمان، ئا ئەمە سەرخستنی دینی خوایە، هەرکات دینی خوایش سەرکەوت، ئەوە ئەوکات دین وژینی خەڵکیش خۆش دەبێت.

ئەبێت ڕاستگۆ ودەست پاک بین بۆ ئەوەی خودا سەرمان بخات، خوای گەورە کەسی ڕاستگۆ سەر ئەخات ئەگەر کافریش بێت، وە کەسی درۆزن سەرناخات با موسڵمانیش بێت.

# پەیامی بیست وپێنج

**{مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ}**

**واتــە:** هیچ وتـەیەک لە دەمی مرۆڤ نـایەتە دەرەوە ئیللا ئەو دوو فریشتـەیە چاودێر و ئامادەن و دەینووسن .

"پەنا بەخوا موسڵمانانی ئەمڕۆ لە دانیشتنەکانیاندا ئەوەی خوای گەورە پێی ڕازی نەبێ باسی ئەکەن، لە زەمکردن و درۆ وبوهتان بۆ ئافرەتانی بێ تاوان، دەیگێڕنەوە ئیمامی ئەحمەد لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا نرکەنرک و ناڵە ناڵی دەکرد پێی وترا (تاوس) دەفەرموێت :

فریشتە هەموو شتێک دەنوسێت تەنانەت نرکە نرک و ناڵە ناڵیش لەپاش ئەوە ئیمامی ئەحمەد نرکە نرکی نەکرد تاوەکو کۆچی دوایی کرد.

هەروەها ئەیگێڕنەوە هەندێک لە پێشینە چاکەکانمان لە هەینیەوە بۆ هەینییەکەی دی، قسەکانی خۆیانیان ژماردووە.

ئیمامی عەلی دەفەرمووێت: باشترین عیبادەت بێ دەنگیە، لەگەڵ چاوەڕێ کردنی کرانەوەی دەرووی خێرە لەلای خواوە.

وەهەبی کوڕی وەرد: دانایی دە بەشە، نۆبەشی لە بێ دەنگیدایە.

ئەبو دەرداء: فێری بێ دەنگی بن وەکو چۆن فێری قسە دەبن.

# پەیامی بیست وشەش

"وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا" النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ

**واتــە**:ئەی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی(عادەتی مانگانەی ئافرەت) پێیان بڵێ; ئەوە ئازارە وزەرەرە، کە وابوو خۆتان بە دوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدابن.

"پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەربێت ئەفەرمووێت: هیچ کەسێک رێز لە ئافرەت ناگرێت ئیللا کەسێکی

بەڕێزنەبێت، تێگەیشتن لە ئازاری ئافرەت ونەرم و نیان بوون لەگەڵیدا ئەوپەڕی ڕێزە نەک لاوازی وترس، خوای گەورە کاتێک ئەفەرموویێت دوور بکەونەوە لێیان لەم کاتە باسی سەرجێی دەکات، کەچی موسڵمانێک پێی وتم لەو کاتە کە لە سووڕی مانگانەدایە، هەر بێزت نایات بچیت بۆ لای خێزانت!!

تەنها ئەوەندە ئەڵێم ئەبێت هەستی ئەو ئافرەتە چۆن بێت ئەگەر ئەو قسەی هاوسەرەکەی کردی لە بەردەمیدا بکرێت، ئافرەت کەرەستە وئامێر نییە هەندێ کات بەکار بهێنرێت وئیشت پێی نەما سوکایەتی پێ بکەیت، ئافرەت لە ئایینەکەماندا بە شوشە ناوبراوە وە

وتراوە نەرم و نیان بن لەگەڵ شوشەکان.

ئافرەت خۆشەویستی وڕێز گرنگە بۆی وەک و ئاو وایە بۆ ماسی، وتراویشە: خۆشەویستی مێژووە لە ژیانی ئافرەتدا، بەڵام لە ژیانی پیاواندا تەنها ڕووداوێکە.

هەروەها لە جوانی ئافرەتدا وتوویانە: ئافرەت دارێکە لە بەرەو بوومەکەی دەخۆیت، وسەیری جوانییەکەیشی دەکەیت، سێبەرێکە لە گەرمایش دەتپارێزێت، وەکاتێکیش ژیان ماندووت دەکات لە پشتت دەبێت وەکو چیایەک، ئافرەت زۆر بەهێزە، هەموو بـــایەک دەیجوڵێنێت، بەڵام قەت ناڕوخێت..!!

# پەیامی بیست وحەوت

{إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ}

واتــە: بەڕاستی ئەوانەی پێیان خۆشە زینا وکرداری ناشیرین بڵاو ببێتەوە لە ناو خەڵکی ئیماندار سزای سەختیان بۆ هەیە لە دونیا وڕۆژی دوایدا وە خوا دەزانێ ئێوە نازانن.

"ئەمە ئەگەر کەسێک تەنها حەز بکات زیناو وبەد ڕەوشتی بڵاوبێتەوە لەناو خەڵکی ئەمە سزاکەی بێت، ئەی ئەگەر

کەسێک خۆی بەد ڕەوشتی بڵاو بکاتەوە؟؟! ئەی ئەگەر کەسێک یانەی شەوانە و شوێنی خراپ دابین بکات بۆ خراپەکاران، ئەبێت چەن سزاکەی گەورەتر بێت، پەنا بە خوای گەورە، زینایش لە هەر گەلێکە زۆربێتەوە ئیللا کۆمەڵێک نەخۆشییان توش دەبێت کە لە باوپایرانیان ئەو نەخۆشیانە نەبووە وەک ئەمڕۆ دەیبینن.

قسە هەڵبەستن بۆ کەسی باوەڕدار هەر وا ئاسان نییە لە لای پەروەردگار، چونکە خۆی لە قورئاندا فەرموویەتی: بە دڵنیاییەوە خۆم بەرگری لە باوەڕداران ئەکەم وەک لەم ئایەتدا فەرموویەتی: {إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا}. وریابە دژی ئیمانداران بیت!

# پەیامی بیست وهەشت

**{إِنَّ ٱلَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَآءِ ٱلْحُجُرَٰتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ}**

**واتـــه:** بێگومان ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ژوورەکان بانگت دەکەن ئەی موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) زۆربەیان نەفامن وتێناگەن.

"نەفامی و نەزانی دەردە، بنچینەی هەموو ناخۆشیەک وتاوانێک، نەزانیە، مرۆڤ ئەبێت ڕێزی زانا وکەسە بە تەمەنەکان بزانێت نابێت هەمان ئەو

دەگێڕنەوە لە ژیانی ئیمامی مالکی کوڕی ئەنەس کاتێک کە بیویستایە حەدیس بڵێتەوە خۆی ئەشوشت و جوانترین جلی لەبەر ئەکرد وخۆی بۆن خۆش ئەکرد، ئەوکات دەرسی حەدیسی دەوتەوە وەکو ڕێزێک بۆ قسەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

ڕێزگرتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پەرستشە، چۆن بە گەورەی نەزانین لە ژیانیدا تۆڵەی لە کەس نەسندوەوتەوە بۆ خودی خۆی..!!

هاتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پەیامێک بوو، پەیامیش لە ناو ناچێت!!

هەمیشە قسە و ڕەفتارەکانی زیندووە لە نێو شوێن کەوتووەکانی، هیوادارم یەکێک بین لە شوێن کەوتووەکانی..!!

# پەیامی بیست ونۆ

## {يَمُنّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُواْ}

واتــە: منەت دەکەن بەسەر تۆدا ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) چونکە موسڵمان بوون .

"خوای گەورە منەتی بە سەر هەمووومان هەیە کە ڕێنموونی کردووین بۆ باوەڕ هێنان، پەنا بە خوا هەندێ کەس لە ڕۆژێکدا بە گشتی خەریکی یاری وگاڵتە وگەمەی خۆیەتی، دوو ڕکات نوێژی بە پەلە ئەکات ئەڵێت ئەوە نییە نوێژ ئەکەین بۆ خوا منەت دەکات

بەو نوێژەی کە بە پەلە پەلیش کردوویەتی، بەڵام ئیمانداری ڕاستەقینە هەمیشە خەریکی کاری چاکەیە لەگەڵ ئەوەیشدا ئومێد ئەکات خودا لێی وەربگرێت ئەو چاکانەی کردوویەتی و نەیدا بە ڕوویدا،

چونکە لە نیەتی خۆی ئەترسێت، ئیماندار ئەترسێت ڕۆژێک لە ڕۆژان زانیارییەکی بڵاو بکاتەوە لەبەر ئەوەی پێی بڵێن زانایە..!!

ئەترسێت ڕۆژێک لە ڕۆژان قورئان بخوێنێت بۆ ئەوەی پێی بڵێن دەنگ خۆشە..!!

خودا کردەوەیەکی ناوێت بە هاوبەشی، ئەم قسانەی من با واتان لێ نەکات ئیتر لە ترسی ڕیایی کردەوە نەکەن، بەڵام

هەمیشە دڵ و دەروونتان پاکەوە بکەن بۆ خودا، کردەوەیەکتان ئەنجامدا بیهێننە یادی خۆتانەوە و بڵێن: مرۆڤێکی بچوک چییە ئێمە کردەوەیەکی بۆ ئەنجام بدەین کە ئەو مرۆڤە نە خێر ونە شەڕ بە دەستییەوە نییە..!!

بەڵام خودا هەموو دنیا ومرۆڤەکان لە ژێر دەسەڵات وچاودێری ئەودان کام لەمانە شایەن ئەوەن کردەوەیان بۆ ئەنجام بدرێت بە جوانی وناخێکی پاک، بە دڵنیاییەوە خوای گەورە..!!

ئیماندار کردەوە ئەکات وئومێد دەکات خودا لێی وەربگرێت، بەڵام کەسی دوو ڕوو کردەوەی چاکە ناکات ودڵنیاییشە لە پاداشتی خودا، ئەڵێت بەهەشت بۆمنە..!!

ئەگەر ویستت خودا کردەوەت لێ وەربگرێت ئەم ڕێگایە بگرە بەر، چاکەکانی خۆتت لەلا بچوک بێت، کەم وکورتیەکانی خۆتت هەمیشە لە پێش چاوبێت..!!

ئەم ڕێگایە لەگەڵ خەڵکیش بە کاربهێنە، چاکەیەکەت کرد لەگەڵیان لە یادی بکە، هەمیشە خۆت بە خزمەت کاری موسڵمانان بزانە، مننەت بەسەر کەسدا مەکە..!!

چاوەڕێی پاداشت بە لە خوای گەورە، ئەو کەسەیش وا چاکەت لەگەڵی کرد سپڵە بوو تۆ هەر دڵخۆش بە وپەشیمان مەبەوە لە چاکە کردنت، چونکە تۆ لەبەر خودا کردووتە ومامەڵە لەگەڵ خودا دەکەیت.!!

# پەیامی سی

{إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ}

واتـــە: بەڕێزترین کەستان لەلای خودا، پارێزگار ترینتانە.

"جوانی ئەم دینەی ئێمە لەوەدایە بە ڕووالّەت بڕیار لەسەر کەسەکان نادات، دکتۆر و کرێکارێک دەبێت لەیەک ڕیزدا بوەستن ونوێژ بۆ خودا بکەن بەڵام بڕیاری خەڵکی چۆنە؟!

بە ئەخلاقترین کەسە بەڵام کاتێک ئەچێتە خوازبێنی کچێک پێی نادەن

لەبەر ئەوەی شەهادەی نییە، دیندارترین
کەس بیت کاتێک ئەچیتە دام
ودەزگایەک ئەوەی وا دەوڵەمەندە پێشی
تووە لە تۆ بەڕێزترە، پێشوازییەکی
گەرمی لێ دەکرێت..!!

ئای چەند جوانە پێوەری خودا، ئای
چەند ناشیرینە هەڵسەنگاندنی
مرۆڤەکان، من چەند جارێک وتوومە
ژیانی خۆم لە هەڵسەنگاندنی
مرۆڤەکانەوە وەرناگرم..!!

ژیان ئەوە نییە وا مرۆڤەکان پێناسەیان
کردووە، ژیان ئەوەیە وا خوای گەورەی
پێناسەی کردووە، ژیان لەلای
مرۆڤەکان واتە بەرژەوەندی وپارە،
ژیان لە لای خودا کردەوەی چاک و خۆ
پێناسە کردنێکی نەمری..!!

# پەیامی سی ویەک

{يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ}

**واتــــە:** ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر گوناهکارێ هەواڵێکی گرنگی بۆتان هێنا، ئەوە لێی بکۆڵنەوە تا ڕوون ببێتەوە.

" ئیبنوحیبان لەکتێبی باخچەی ژیرەکان ئەم سیفەتە بە گرنگترین سیفەتی ژیرەکان دادەنێت ئەویش لێکۆڵینەوەیە لە ڕووداوەکان وپەلە نەکردنە لە بڕیاردان لەسەر خەڵکی

چەند جار بوهتانمان کرد بۆ کەسانێکی بێ تاوان بە هۆی زوو بڕیاردانمانەوە..!!

هەروەها ئیمامی ئیبنو لقەییم ئەفەرمووێت: تێگەیشتنی ڕاست وتەندروست لەگەڵ مەبەستێکی پاک لە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێک یەکێکە لە گەورەترین نیعمەتەکان کە خودا بە کەسێکی بدات"

سەحابەیەک کوژرا لە شەڕی ئوحود، دایکی دەستی هێنا بە وچاوی سەحابەکە فەرمووی: ڕۆڵە پیرۆزت بێت بەهەشت..!! پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەربێت فەرمووی: چۆن ئەزانیت بەهەشتییە..؟ ڕەنگە قسەی

لەشتێکدا کردبێت کە پەیوەندی بەوەوە نەبووە..!! بڕیار لەسەر کەس مەدەن..!!

نرخی قسەکانت بزانە هەر شتێکت بیست مەیگێڕەوە، هەواڵێک دەبیستی بۆ حەز ئەکەیت یەکەم کەس تۆ ئەو هەواڵە ناخۆشە بە خەڵک بگەیەنیت؟!

خەڵکی خۆیان هەر ئەو هەواڵەیان پێ دەگات، جا بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەو هەواڵە ڕەنگە درۆبێت، بۆیە هیچ پێویست ناکات ببیتە کەناڵی ڕاگەیاندن..!!

ئیمامی حەسەنی بەسری ئەفەرمووێت:لە نیشانەکانی فەرامۆش کردنی خودا بۆ هەر بەندەیەک، ئەوەیە ئەو بەندە سەرقاڵ بکات بە شتێکەوە کە پەیوەندی بەوەوە نییە..!!

# پەیامی سی ودوو

## {إِنَّا نَحْنُ نُحْيِۦ وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا ٱلْمَصِيرُ}

واتـــه: بێگومان هەر ئێمەین دەژێنین ودەمرێنین گەڕانەوەش هەر بۆلای ئێمەیە.

هەموو کەسێک باوەڕی بەوە هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت هەتتا بێ باوەڕانیش، بەڵام ئەوەی گرنگە بیزانیت ئەوەیە کێ ئەتمرێنێت؟!

کێ ژیانی پێ دایت؟ بۆ ژیانت پێ درا تەنها بۆ یاری وگەمە؟؟ ئەوەی بێباوەڕ

بێت بە خودا یان کەسێکی نەفام بێت لەو پرسیارانە تێناگات، تەنها موسڵمانی تێگەیشتوو لەوە پرسیارانە تێدەگات..!!

تێدەگات خوا بۆ دروستی کردووە، تێدەگات لەوە کە دەبێت ژیانی وەکو پڕۆژەیەک بێت هەموو ڕۆژێک کاری تێدا بکات چونکە دڵنیایە ڕۆژێک پاداشتی ئەم پڕۆژەیەی وەردەگرێت..!!

ژیر ئەو کەسەیە هەمیشە خودای لە بیر بێت هەتا بە جوانترین شێوە مامەڵە بکات لەهەموو ڕووداوێکی ژیانی..!!

ژیر ئەو کەسەیە کە هەموو کاتێک بزانێت ئێمە دروست نەبووینە بۆ کۆکردنەوەی پارە ودروست کردنی ماڵ..!!

# پەیامی سی وسێ

## {وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ}

**واتـــە:** هەر دەمێ بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من، ئەوە بێگومان من لێیانەوە نزیکم گیرای دەکەم نزای نزاکاران.

" سەرنج بدەن خوای گەورە نەیفەرموو پێیان بلێ من نزیکم، یەکسەر فەرمووی بێگومان من لێیانەوە نزیکم، کە واتا پێویستیت بە هیچ کەسێک نییە دەنگت

بگەیەنێتە خودا، نە پیاوچاک نە قەبەر، نزا کاریگەری زۆر بەهێزی هەیە، نزا قەدەری خوا دەگۆڕێت..!!

هاوەڵی بەڕێز ئەبو زەڕ دەفەرمووێت: کەسێک چاکە کار بێت کەمێک نزا بەسە بۆ ئەوەی وەڵامی بدرێتەوە، خواردن چەندێک خوێی دەوێت هەر ئەوەندە پێویستی بە نزایە..!!

هەروەها ئیبراهیمی نەخەعی دەفەمووێت: کاتێک نزا ئەکەیت سەرەتا داواکاریەکانی خۆت داوا بکە چونکە تۆ نازانیت کام نزات لەلای خودا قبوڵە..!!

هەروەها وتراویشە: خودا وەڵامی هەموو نزایەک دەداتەوە، بەڵام هەندێ جار وەڵامەکە نەخێرە، لێی وردبنەوە..!!

# پەیامی سی وچوار

**{يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ}**

**واتـــە:** (فریشتەکان) شەو و ڕۆژ تەسبیحات وستایش دەکەن ماندوو نابن وسارد نابنەوە.

"ئەوە حاڵی فریشتەکانە..! ئەی بۆچی ئێمە بە چەند خولەکێکی کەمیش یادی خودا ناکەین؟! لەبەر ئەوەی خۆشەویستی دنیا لە دڵماندا چەسپیوە تەنها باسی دنیا دەکەین..!!

ئیبنو لقەییم دەفەرمووێت: لەڕۆژی قیامەتدا مرۆڤ هەیە بە ئەندازەی کێوەکان گوناهی پێوەیە، بەڵام چونکە لە ژیاندا زۆر زیکری خوای کردووە هەموو ئەو تاوانانە ئەبات ئەو زیکرانە.

یەکێک لە خوا ناسان دەڵێت: وای نابینم هیچ تاوانێک لەوە قێزەونتربێت کە مرۆڤ واز لە زیکری خودا بهێنێت.

هەروەها زانیان دەڵێن: هێمای دووڕوویی ئەوەیە زمانت قورس بێت بۆ یادی خودا بە زیکری خودا بێ تاقەت بیت پەنا بەخوا..!!

هەروەها ئیبنو لقەییم دەفەرمووێت: باشترین جۆری زیکر وبەسوودترینەکەی ئەوەیە، وا دڵ و مێشک پێکەوە ئەنجامی دەدەن..!!

# پەیامی سی وپێنج

**{وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ}**

واتــــە: چاکە بکەن بە ڕاستی خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت.

پلەی چاکەکاری (الإحسان) لە پلەی ئیمان بەرزترە پێناسەکەی ئەوەیە هێندە بە جوانی خودا بپەرستی وەک بڵێی دەیبینی خۆ ئەگەر تۆ خوا نەبینی ئەو دەتبینێت..!!

ئیبن قەیم ئەفەرمووێت: کلیلی بە دەست هێنانی ڕەحمەت، چاکەکاریە لە خوا

پەرستی لەگەڵ دروستکەرمان وە هەوڵدانە بۆ سوود گەیاندن بە بەندەکانی. ئایینەکەمان هانی داوین بۆ چاکە وچاکەکاری هەتا لەگەڵ ئاژەڵانیشدا وەک ئەفەرمووێت: کاتێک ئەو ئاژەڵە سەر ئەبڕن با چەقۆکە تیژ بێت هەتا بە ئاسانی ڕۆحی دەربچێت، وبە بەرچاوی ئاژەڵێکی تریشەوە سەری مەبڕن..!!

دەربارەی چاکەکاری وتوویانە: کردنی فەرمانەکانی خودا بە تەواوترین شێوە.!!

هەروەها فەرموویانە: مرۆڤ دەرەوەی وناخی خۆی جوان بکاتەوە..!!

بە کورتی چاکەکار: ئەو نوێژەی لە پێش چاوی خەڵکی ئەیکەی لەوەی ماڵەوەت جوانتر وچاکتر نەبێت..!!

# پەیامی سی وشەش

"وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِى ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَٰنٍ مَّرِيدٍ"

واتە: لە مرۆڤەکاندا کەسی وا هەیە(نضر کوڕی حارث) موجادەلە دەکات دەربارەی خوا وسیفەتەکانی بە بێ هیچ زانیاری وزانستێک وە شوێنی هەموو شەیتانێکی سەرکەش دەکەوێ.

" بە داخەوە ئەمڕۆ وای لێهاتووە کە ئەبینی هیچ کەسێک بۆی نییە لە زانستی پزیشکی یان یان ئەندازیاری قسە بکات گەر پسپۆڕ نەبێت لەو بوارە، بەڵام بۆ

ئایینەکە هەموو کەسێک قسەی تێدا ئەکات هەر کەسەو لەیەک دانەوەیەکی شەخسی خۆی لەخەڵکی کردووەتە دین!!

یەکێک لە تابعین کە (عبدالرحمن کوڕی لەیلایە) ئەفەرمووێت: گەیشتمە سەت وبیست لەهاوەڵانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت لە هیچ کەسێکیان پرسیاری فەرموودەم نەدەکرد ئیللا حەزی ئەکرد هاوەڵێکی دیکە وەڵام بداتەوە هەتا خۆی نەکاتە ژێر ئەو بەرپرسیارێتییە..!!

ئەوان چۆن بوون ئێمەیش چۆنین، پیاوی وا ئەبینی هیچ شتێک نازانێت لە ژین ودین، کاتێک پرسیارێکی ئایینی

دەکرێت یەکەم کەس وەڵام ئەداتەوە وهیچیش لە شەرعی خوا نازانێت..!!

مرۆڤ پێویستە بۆ خوای گەورە بسوڵحێت وناخی پاک بکاتەوە خزمەت کردنی دین بەو شێوە نییە، جارێک سەرەتا ئەبێت مەبەستێکی پاکت هەبێت لە گەیاندنی زانست، هەروەها ئەبێت بەو شێوەیش بیگەیەنیت وا پێغەمبەر گەیاندوویەتی، قسەکردن لە پەیامی خودا بەهەرەمەکەی نابێت..!!

هاوەڵی بەرێز ئیمامی عەلی لە یەکێک جەنگەکان ڕووبەڕووی کافرێک دەبێتەوە و شیمشێرێک لە کافرەکە دەدات، شمشێری کافرەکە لە دەستی دەکەوێت چەک دەبێت، ئەوکات تفێک لە ئیمامی عەلی دەکات..!! ئیمامی

عەلی زۆر توڕە دەبێت دەست بەرز دەکاتەوە شمشێرێک لە ملی ئەو کافرە بدات پەشیمان دەبێتەوە!! بۆیە ئەچێت ئەسوڕێتەوە پاشان دێت لە ملی کافرەکە دەدات، ئەزانن بۆچی؟!! فەرمووی: ئەگەر ئەوکاتەی تفی لەمن کرد لە ملیم بدایە لەبەر خودی خۆم بوو چونکە توڕە بووم، بەڵام کاتێک چوم ماوەیەک وسوڕامەوە مەبەستی خۆمم پاکەوە کرد کە تەنها لە پێناو خودا لە ملی بدەم بۆیە ئەوکاتە دام لە ملی..!!

لە ژیانی ئەم پیاوە بەڕێزانەوە فێری ڕاستگۆی ومەبەست پاکی دەبین، بۆیە هەمیشە با بەشێک لە کتێب خوێندنتان، خوێندنی ژیانی سەحابە بێت..!!

# پەیامی سی وحەوت

{الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ}

واتــــە: تەڵاق کە بردنەوەی لە دواوە بێت دوو جارە، دوای ئەوە ڕاگرتنە بە خۆشی یان بەڕەڵاکردنە بە باشی.

هەندێک کەس شەرەف وژیانی هاوسەری بە یاری تێگەیشتوە کەمێک هەست بە نارەحەتی بکات ژن تەڵاق ئەدات، جاری وا هەیە دە جار ژنی تەڵاق داوە ولەگەڵیدا دەژیت!!

جیاوازی ئێمە چییە لەگەڵ هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا ئەوان بیریان دەکردەوە ئینجا بڕیاریان ئەدا ئێمە کارەکە ئەکەین دواجار بیر ئەکەینەوە..!!

تەلەفون بۆ مامۆستایان ئەکەین وبە دوای چارەسەر دەگەڕێین..!!

پەنا بە خوا لە نەزانینی ئەوها، پەنا بەخوا نەفس هێندە زاڵببێتە سەرمان کە نەتوانین کۆنترۆڵێکی مێشک وزمانمان بکەین..!!

پێوەری سەرکەوتنی پیاو لە ژیانی هاوسەریدا دەردەکەوێت، چونکە ژیان کردن لەگەڵ مرۆڤێک کە پێچەوانەی تووە لەهەموو ڕوویەکەوە هونەری مامەڵەی دەوێت، بۆیە باشترین پیاو باشترینییەتی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا..!!

# پەیامی سی وهەشت

**{أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا لَّا يَسْتَوُونَ}**

**واتــه:** دەی ئایە کەسێک ئیماندار بووبێ وەک کەسێکە دەرچووبێ لە ئیمان (فاسق بووبێ) هەرگیز چونیەک نین.

"زۆرجار ئەبینین خەڵکانێک دەڵێن فلان کافر لە موسڵمانەکان باشترە!!
خراپترین موسڵمان لە باشترین کافر باشترە لە لای خودا..!!

کافر هیچ ئومێدێکی خێری پێ ناکرێت ئەگەر بێت ولەسەر کوفرەکەی بمرێت، تەنها دۆزەخ جێگایەتی بەبێ دەرچوون..!!

کەسێک شەو وڕۆژ دژایەتی بەرنامەی خودا بکات چۆن یەکسانە لەگەڵ کەسێک ڕۆژی پێنج فەرزە بەس خودا بە گەورە دائەنێت وسوجدەی بۆ دەبات..؟!

جیاوازییەکی تری ئەوەیە کەسی ئیماندار نێر بێت یان مێ بێت کردەوەی چاکە بکات خوای گەورە ژیانێکی خۆشی پێ ئەبەخشێت هەم لە ژیان و هەم لە قەبر ودوا ڕۆژدا، بەڵام ئەمە بۆ کافران نییە..!!

کافران هەمیشە نا ئارامییەک لە ناخیاندایە، کەسی ئیمانداریش بە ئەندازەی دەست گرتنی بە قورئان وسوننەت بەختەوەرییەکەی زیاترە..!!

کافر گەورەترین پڕۆژەی لە ژیان پارە ودەسەڵات و شوێن کەوتنی ئارەزووەکانی خۆیەتی..!!

بەڵام باوەڕدار بەرنامەی وپڕۆژەی لەم ژیانەدا زۆر فراوانە، ژیان ئاوەدان دەکاتەوە، قیامەتی خۆی ڕوناک دەکاتەوە، بۆ خۆی دەژیت وبۆ خەڵکیش دەژیت، هاوسەرەی ئیمانداری ڕاستەقینە لە بەهەشتدایە هەر لە دنیادا، ئیماندار هۆکاری هەموو خێرێک وبەرەکەتێکە کە لەلایەن خوداوە دێت..!!

# پەیامی سی ونۆ

{مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ}

**واتــە:** ڕەوا وشایستە نییە بۆ پێغەمبەر وبڕواداان کە داوای لێبوردن بکەن بۆ هاوبەش پەیداکەران.

کەسی بێباوەڕ کاتێک ئەمرێت نابێت پێی بوترێت خودا عافی بکات یان خودا لێی خۆشبێت هەتا ئەگەرباوکیش بێت..!!

ئیمامی عەلی کاتێک ئەبو تاڵبی باوکی مرد هات بۆلای پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت پێی فەرموو ئەوە مامە

گومڕاکەت مرد چی لێ بکەم؟
پێغەمبەریش پێی فەرموو بڕۆ چاڵێکی بۆ هەڵبکەنە وفڕێی بدە ناویەوە، ئیمامی عەلی بەتەنیا بردی یەک سەحابەیش نەڕۆشتن بە دوای جەنازەکەدا،چونکە بێباوەڕ بوو..!!

بێباوەڕ دوژمنی خودایە، چۆن دەبێت دۆستی تۆی موسڵمان بێت..!!

ئەزانن موسڵمانی وا هەیە ئامادەیە شەڕ لەگەڵ کەسانی تردا بکات ئەگەر برایشی بێت ئەگەر قسە بەو یاریزانە بکات کە ئەم خۆشی دەوێت..!!

خودا کاتێک باسی ئیماندار دەکات دەڵێت ئیمانداران لە نێوان خۆیاندا ڕەحم وبەزەییان بە یەکدا دێتەوە، کوا ئەم مەبەستە جوانەی خودا..؟!

# پەیامی چل

## {وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ}

واتــــە: ئەوانەی کە پارێزەری داوێنیانن لە (شەڕواڵ پیسی).

" ئەم ئایەتە باسی ئیمانداران ئەکات کە یەکێک لە سیفەتی ئیمانداران ئەوەیە دوورن لە زینا وبەد ڕەوشتی..!!

واللە برایانی خۆم زینا کارێکی زۆر قێزەونە تام وچێژی هاوسەرگیری ناهێڵێت بگرە چێژ و واتا لە ژیانت نامێنێت..!!

یەکێکیشە لە تاوانە گەورەکان، سوودێکی تر لەم ئایەتە وەربگرین کە زۆرێک لە گەنجان ئێستا گیرۆدەی فیلمی خراپ بوونە بەو هۆکارەشەوە زۆر خۆیان توشی لەش گرانی ئەکەن، دەرکردنی ئەو ئاوە زیانێکی زۆری هەیە..!!

چونکە ئەو ئاوە لە پیاودا وزەیە ئەتوانێت بە باشی بە کاری بێنێت واتە بە بێ دەرکردن بیکاتە وزەیەک وچالاکیەک، سوود بە خۆی وخەڵکی بگەیەنێت..!!

جا سوود وەرگرتن لەو وزەیە پێویست ئەکات خۆت سەرقاڵی کاری چاک بکەیت، کۆمەڵێک تەکنیکی تایبەت بە خۆی هەیە ئەتوانن بە دوایدا بگەڕێن بۆ

سوود بینین لەو وزەیە، لە جێی ئەوەی وەکو وزەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەتوانن بیگۆڕن بۆ وزەیەکی هێز وبەرهەمدار..!!

هەروەها ئیماندار خودا لە دڵیدا گەورەیە نەک هەواو ئارەزووی، گەنجێک هاتوچۆی مزگەوتی دەکرد، لەو کۆڵانەی پێیدا تێدەپەڕی ئافرەتێک هەبوو سەرنجی ئەو گەنجەی دابوو، ڕۆژێکیان چووە پێشی ئەو گەنجە پێی فەرموو ئەزانم لە شوێنێکی نەگونجاو ڕاوەستامە، بەڵام من هەموو جەستەم ئاشقت بووە، گەنجەکەیش پێی فەرموو ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێیت لە لای من دەست ناکەوێت من دڵم پڕە لە خۆشەویستی خودا، پاشان گەنجەکە

جێی هێشت، چووهماڵەوه پاشان بۆ نوێژەکەی دیکه گەڕایەوه مزگەوت نوێژ بکات، سەیریکرد خشوع وئاگایی له نوێژدا نەما هەر قسەی ئافرەتەکه به مێشکیدا دێت، گەنجەکه چووه ماڵەوه بڕیاریدا بار بکات وئەو شوێنه جێبهێڵێت..!!

ئافرەتەکه بەم هەواڵەی زانی چووه لای گەنجەکه پێی فەرموو بەس لێرەدا بمێنه هەرگیز نایەمه سەر ڕێگاکەت، گەنجەکه فەرمووی من ناتوانم ئیتر لێرەدا بژیم چونکه ئەو پەیوەندیه بەهێزەی هەمبوو لەگەڵ خودادا تۆ بچڕاندت من تەنها خۆشەویستی خودا له دڵمدا جێگیر بوو، نەک تاوان وشوێن کەوتنی ئارەزووەکانی خۆم..!!

# پەیامی چل ویەک

## {وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ}

**واتـــە:** هاوار وئاهو ناڵە بۆ تەرازووبازەکان، بۆ ئەوانەی کە لە کێشان وپێواندا لە کڕین وفرۆشتندا تەرازووبازی وفێڵ دەکەن یان لەهەڵسەنگاندنی خەڵکیدا ڕاست ناڵێن.

" زانایان کۆمەڵێک نموونەی دیکە لە ژێر ئەم ئایەتەدا باس دەکەن بۆ نمونە ئەو پیاوانەی مافی ئافرەتەکانیان نادەن چی لە ڕووی خۆشەویستیەوە چی لە ڕووی نەفەقە کێشانیان، بەڵام دێت لە

بەرامبەردا داوای مافی خۆی ئەکات بە جوانترین شێوەش دەیەوێت..!!

یان ئەو فەرمانبەرانەی وا مافی کارەکانیان نادەن سەری مانگیش پارەکەی خۆیانیان دەوێت ئاهو ناڵە بۆیان..!!

یان ئەو فەرمانبەرانەی وا کارەکەتت بۆ تەواو ناکەن تەمبەڵی تێدا دەکەن ودوات دەخەن ئاهو ناڵە بۆیان".

وشەی «موسڵمانم» کۆمەڵێک بەرپرسیارییەتی لە خۆی ئەگرێت، موسڵمانییەتی تەنها نوێژ نییە لە مزگەوت وغەش کردن بێت لەبازاڕدا..!!

نوێژەکەت بۆخۆتە، بەڵام ڕەوشت ومامەڵەت بۆ خەڵکیە..!

# پەیامی چل ودوو

{ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ}

**واتـــە:** خوایە ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگەو ڕێبازە ڕاستەکەی خۆت کە ئایینی ئیسلامە وشارەزامان بکە وە هەر لەسەر ئەو ڕێیەش بەهەمیشەیی سەقامگیر ودامەزراومان بکە.

" ئەو قسەی کە زۆر گشتگیر بێت لەسەر ڕێگای ڕاست ئەوەیە: ئەو بەرنامەیەیە وا خوای گەورە دایڕشتوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکانی کە فەرمانی کردووە تەنها ئەو بپەرسترێت

وتەنها گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکانی بکرێت..!!

وە محمدی کوڕی حەنەفیە دەڵێت: ڕێگای ڕاست ئەو ڕێگایەیە کە وا خوای گەورە لە بەندەکانی وەری ناگرێت جگە لە پەرستن لەسەر بنەمای ئەو ڕێگایە..!!

لەم ڕۆژەدا هەمووی دەڵێت ڕێگای ڕاست ئەوەیە وا من لەسەریم بەڵام ئێمە قورئان پێوەرەمان بۆ ڕاست ودروستیەتی بابەتەکان..!!

ڕێگای ڕاست ڕێگایە زانست وکردەوەیە، با زانیاریت هەبێت کە کردەوەت نەبوو لەسەر ئەو ڕێگایە نیت وا خودا فەرمانی پێ کردووە، بە پێچەوانەشەوە تەواوە..!!

# پەیامی چل وسێ

{قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ}

واتــە: ئەی موحەممەد صلى الله عليه وسلم بڵێ: ئەی هۆزی کافرو بێباوەڕان خوا نەناسان، ئەوەی ئێوە دەیپەرستن من نایپەرستم، من جی لە دار وبەرد بکەم؟!

" موسڵمان خاوەن پرەنسیپە هەر ڕۆژێک ولەسەر ڕێگایەک نییە، بەرنامەی خوا پەرستی خۆی دیاری کردووە ئامادەیش نییە بە دونیا بیگۆڕێتەوە..!!

دین فرۆشتن پیشەی ئەو کەسانەیە کە دونیا پەرستن یان دوو ڕوون، ڕێگا وڕێباز گرنگ نییە بەلایانەوە لەگەڵ هەر بایەکدا بێت لەگەڵ ئەو بایەدا شەن ئەکەن..!!

ئایینەکەی ئێمە خەڵکی قبوڵە، کافریش کاتێک جەنگی لەگەڵ دەکرێت کە زیانی هەبێت بۆ موسڵمانان وزیانی بوێت بۆ ئیسلام و موسڵمانان..!!

ئەو قسە ڕاست نییە کە دەڵێت: «ئیسلام بە شمشێر گەیشتە ئەمڕۆ» نەخێر ئیسلام بە ئەخلاق و مامەڵەی جوان گەیشتە ئێمە، هەموو جەنگەکان لە ژیانی پێغەمبەردا درودی خوای لێبێت لە 6% بووە، 94% بانگەواز وڕەوشت بووە گەیاندنی دین..!!

# پەیامی چل وجوار

{الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِى الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ}

واتـــە: ئەوانەی ئەگەر دەسەڵاتمان پێدان لە زەویدا، بە چاکی نوێژ بە چێ دێنن وە زەکات دەدەن.

" کاتێک کە خوای گەورە ئەتکاتە خاوەن دەسەڵات لەسەر ئەرز بۆ ئەوەیە سەر ئەرز ئاوەدانەوە بکەیت بە نوێژ وچاکە وبەرنامەی خودا..!!

نەک ڕێگری لە خوا پەرستی بکەیت بە هۆی دەسەڵاتەکەت، ئیمامی قەتادە ڕەحمەت خوای لێبێت دەفەرمووێت: ئەم

ئایەتە باس لە هاوەڵانی پێغەمبەر دەکات دروودی خوای لەسەربێت..!!

ئیماندار بەرەکەتە بۆ خۆی ودەروبەری و وڵات بە گشتی ،قیامەتیش لەسەر خراپترین خەڵکی سەر زەویدا هەڵدەستێت پەنا بە خوا..!!

هێمای چاکسازیت ئەوەیە نوێژ بکەیت، نابێت بڵێیت موسڵمانم وکەسێکی باشم بەڵام نوێژ ناکەم..!!

«هیچ نوێژنەکەرێک بۆی نییە بڵێت من کەسێکی چاکم».

# پەیامی چل وپێنج

{وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ}

**واتـــە**: سوێند بە خوا بێگومان کەسانی پێش ئەوانمان تاقیکردەوە،ئەمانیش تاقی دەکەینەوە ئینجا بێگومان خوا ئەو کەسانەی ڕاستیان کرد دیاری دەکات درۆزنەکانیش دیاری دەکات واتە دەناسرێن.

" بێگومان خوای گەورە ستەم لە هیچ کەسێک ناکات، ئەوەی ڕێگای تەقوا و بەخشندەیی وباوەڕهێنان بە پەیامەکانی

خودا هەڵبژێرێت ئەوە خوای گەورە بۆ ڕێگا ڕاستەکەی خۆی ڕێنموونی دەکات..!!

لەبەرامبەریشدا، ئەوەی ڕێگای چروکی بگرێتە بەر پەیامی خودا بە درۆ بزانێت وپشت لە ڕێنموونی خودا بکات ئەوە خودا بەرەو بەد بەختی دەیبات..!!

ئیبنو حیبان دەفەرمووێت: « ڕاستگۆیی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە لە دونیا وقیامەتیشدا، وەک چۆن درۆ دایدەگرێت لەهەردوو ژیانەکە، ئەگەر ڕاستگۆیی هیچ سودێکی نەبێت تەنها ئەوە نەبێت کە خەڵکی درۆکانیشت بەڕاست دەزانن، ئەوە بەس بوو بۆ کەسی ژیر هەوڵبدات لە کەسە ڕاستگۆکان بێت وڕێگای ڕاستگۆیی بگرێتە بەر».

# پەیامی چل وشەش

{لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ  أَفَلَا تَعْقِلُونَ}

**واتــه:** سوێند به خوا ناردومانەته خوارەوه کتێبێک بۆ ئێوه که سەر بەرزی وناوبانگی ئێوەی تێدایه دەی ئایا بۆ بیر ناکەنەوه.

« بیرکردنەوه هۆکارێکی سەرەکیه بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانی خۆی بەرەو پێشەوه ببات، هەموو ئەو کەسانەی تەوبەیان کردووه هۆکارەکەی بیرکردنەوه بووه مرۆڤ بیر بکاتەوه ئەگات به حەق وڕاستیەکان»

ئیمامی حەسەنی بەسری ئەفەرمووێت:
« ڕەحمەتی خوای لێبێت: بیرکردنەوەی یەک سەعاتێک لە شەو نوێژ باشترە، واتە ئەگەر مرۆڤ دابنیشێت وبیرێک لە ژیانی خۆیدا بکاتەوە بۆ دروست بووە چی ئامادە کردووە بۆ دوا ڕۆژی لە شەوێک شەو نوێژی باشترە»

ئەبو سولەیمانی دارانی دەفەرمووێت:
من کاتێک لە ماڵەوە دەردەچم هەر شتێک ببینم لە ڕێگادا نیعەمەتێکی خودا لەو شتەدا دەبینم وپەندێکشی لێ وەردەگرم..!!

«هەر کەسێک تۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت لەشتێکدا چاکەیەکی هەیە کە لە تۆدا نییە، هەمیشە جوان بڕوانە وردبینانە بیربکەوە تا سوودمەندبیت»

# پەیامی چل وحەوت

**{ٱلَّذِىٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ}**

**واتـــە:** ئەو زاتەی کە لە برسێتیدا ڕزگاری کردن و خواردەمەنی بۆ ناردن وە لە ترس پاراستنی ودڵنیای کردن.

«هەموو نیعمەتێک پێویستی بەوەیە سوپاسی خودای لەسەر بکرێت، بەڵام ئەم دوو نعیمەتە کە خودا باسی کردووە لێرە زۆر گرنگن ئەبێت هەمیشە شوکری بکەین ئەویش ڕزق وڕۆزی وئەمن وئەمان ودڵنیاییە»

مرۆڤ لە حاڵەتی برسێتیدا بێت ناتوانێت خوای گەورەیش بپەرستێت هەروەها لە ترسا بێت هیچی پێ ناکرێت بە پەرستنیشەوە..!!

کە خوای گەورە بە تایبەتی باسی ئەم دوو نیعمەتەی کردووە دیارە گەورەیە ئێوەش بە گەورەی ڕاگرن، ئەمن وئەمانی وڵات مەشێوێنن بە خۆپیشاندان ودەرچوون بە شەقامەکاندا وخوێن ڕشتنی خەڵکی..!!

لە یەکێک لە زاناکان دەپرسن نیعمەتی ئەمن وئاساییش گەورەترە یان نیعمەتی لەش ساغی ئەویش فەرمووی:
نیعەمەتی ئەمن وئاساییش، چونکە ئەگەر مەڕێک قاچی بشکێت ئەوە لە ماڵەوە دایدەنەیت پاش ماوەیەکی تر

چاک دەبێت ودەکەوێتە دوای ڕان ومەڕەکانی تر، بەڵام ئەگەر مەڕێک قاچی شکا لە شوێنێک دای بنێیت کەمێک لە دووری مەڕەکەوە گورگێک ببەستیتەوە ئەوە مەڕەکە لە ترساندا نان و ئاو ناخوات لە ماوەیەکی کەمدا گیان لە دەست ئەدات..!!

«هەرکاتێک هەستت کرد بە تەواوەتی سوپاسی خودات نەکردووە لەسەر نیعمەتەکانی ئەوە هێمایەکی جوانە لەسەر هەبوونی ئیمانت، چونکە کەسی سپڵە هەست بە نیعمەتەکان ناکات هەتا شوکری بکات..»

# پەیامی چل وهەشت

## {وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ}

واتــــه: ئەی موحەممەد "صلى الله عليه وسلمـ" باڵی بەزەیی ڕاخە بۆ باوەڕداران.

"یەکێک لە هەر جوانترین سیفەتی جوانی باوەڕداران خۆبەکەم زانینیە(التواضع) دایکمان عائیشە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرمووێت:« ئێوە بێ ئاگان لە باشترین عیبادەتەکان ئەویش خۆبەکەم زانینە».

مرۆڤ هەر چەند خۆی بەکەم بزانێت خوای گەورە ئەوەندە بەرزی دەکاتەوە..!!

مەبەستمانیش لەم خۆبەکەم زانینیە ئەو نییە مرۆڤ خۆی بێ کەسایەتی بکات، نا بەڵام خۆی بە گەورە نەزانێت بەرامبەر موسڵمانان هەمیشە خۆی بە خزمەتکاریان بزانێت..!!

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت: « ئەگەر یەکێک لە ئێوە برایەکی پێویستی پێی هەبێت و بەدەم داواکاری براکەیەوە بچێت بۆی تەواو بکات، لەوە باشترە یەک مانگ لە مزگەوتەکەی مندا ئیعتکاف بکات بۆ ماوەی مانگێک..»

# پەیامی چل ونۆ

## {وَكَانَ الْإِنْسَانُ عَجُولًا}

واتــه: ئادەمیزاد هەمیشە پەلە کەرە.

" مرۆڤ بە سروشتی خۆی هەمیشە بێزار وناشکور وپەلە کەرە،مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤ پێویستی بە پەروەردەکردنی خۆیەتی بە پێچەوانەی هەر بوونەوەرێکی دیکە هەر لە دایک دەبن بەو ناوە دەناسرێن..!!

سەرەکیترین ڕێگا بۆ جوان کردنی ڕەوشت وئاکاری مرۆڤ چونە نێو جیهانی کتێبە، بە پێی توێژینەوەکان ئەو مرۆڤانەی وا زۆر کتێب ئەخوێننەوە، مێشکیان پارێزراوە لە زۆر نەخۆشی بە تایبەت زەهایمەر..!!

ئەگەر مرۆڤێک چووە نێو ژیانی کتێبەوە هەرگیز وەکو ئەو مرۆڤەی جاران نامێنێتەوە.!!

«بۆ هەر کارێک کاتی پێویستی خۆی پێ بدە، پەلە کردن بەرەو ون بوون ئەتبات..»

# پەیامی پەنجا

{اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ}

**واتــە:** خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی وئەوەی لە نێوانیاندایە بەدی هێناوە لەشەش ڕۆژدا.

"چەند سودێکی جوان لەم ئایەتەدا هەیە سوودەکەیش دەروونیە پەیوەندی بە کۆنترۆڵی هەستی مرۆڤەوە هەیە، پرسیارێکی گرنگ خوای گەورە ئەتوانێت بە چاو تروکانێک زەوی وئاسمانەکان دروست بکات بۆچی بەشەش ڕۆژ دروستی کردووە؟!

وەڵامەکەی: بۆ ئەوەی مرۆڤەکان فێرببن کە لەسەرخۆ و هێمن بن..!!

ئەگەر خوای گەورە هەموو دانایی وزانستێک لە لای ئەوە پەلەی نەکردووە من و تۆی لاواز نابێت پەلە بکەین..!!

هەندێ جار ئەو بڕیارەی داوتە بە تەواوترین بڕیاری دادەنەیت بەڵام لە تەرازووی ئەقڵە هەڵەترین بڕیارە..!!

«دەربارەی کەم سەبریش وتوویانە، بەشێک لە نارەحەتی مرۆڤ ئارام نەگرتنیەتی لەسەر نارەحەتی..»

# پەیامی پەنجا ویەک

**{إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ}**

**واتــە:** فەرمان ڕەوایی تەنها بۆ خوایە.

" ئەزیزانی خۆم فەرمان ڕەوایی تەنها بۆ خوایە کاری تۆ نییە بڕیاردان لەسەر خەڵکی، خەڵکی کافر بکەیت یان دەریان بکەیت لە ڕێبازی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت، کافر کردنی کەسێک ئیشی زانایانە ئەویش بە

کۆمەڵێک مەرج دڵنیام زۆرێک لە خەڵکی دوو مەرجیشی نازانن وخەڵک کافر دەکەن وخەڵکی بەرەو دۆزەخ دەنێرن..!!

«لە ئیمامی غەزالی دەپرسن حوکمی کەسێک چییە کە نوێژ ناکات؟ ئەویش فەرمووی: حوکمەکەی ئەوەیە دەستی بگریت وبیبەیت بۆ مزگەوت..»

ڕەحمەتی خودا لە مرۆڤێک نرخ وپێگەی خۆی بزانێت، بزانێت تواناکانی چییە لەچی شتێکدا لێهاتووە، لە خۆیەوە قسە لە هەندێ بابەتدا نەکات کە پەیوەندی بەوەوە نییە لەهەمان کاتیشدا ئەو بابەتە هی کەسی زانا وشارەزایە بابەتێکی سادە نییە هەموو کەس قسەی تێدا بکات..!!

# پەیامی پەنجا ودوو

## {أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ}

واتـــە: دەی ئایا کەسێک خوای گەورە سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام وئەو لەسەر ڕێبازی ڕووناکی پەروەردگاریەتی وەک کەسێکە دڵی ڕەق بووبێ لە ئاست ئیسلام؟!.

" ئەم ئایەتە پێت دەڵێت ئەوەی دەست بە ئیسلامەوە بگرێت دڵی ئارام دەبێت چونکە ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە ڕازی بووە، هەروەها ئیسلام وئەحکامەکانی مەبەستەکانی دەرمانن بۆ

دڵ تەنگی وبێزای لە ژیان، بۆیە دەرمانی بەدبەختی ودڵتەنگی بە ئیسلامە وبە فێرکردنی ئیسلامە بە خەڵکانی تر، هەر وەها دەرمانی بەد ڕەوشتی بە ئیسلام و ئادابەکانیەتی".

لێرەدا خاڵێک هەیە دەبێت بیزانین ئەویش ئەوەیە خۆشەویستیمان بۆ هەندێک کەس وا ناکات هیدایەت وەربگرن وخودا هیدایەتیان بدات، پێغەمبەری خودا چەن هەوڵیدا لەگەڵ مامەی خۆی کە ئیمان بێنێت نەیهێنا و روناکی ئیسلامی قبوڵ نەکرد دڵی روناک بکاتەوە، فەرمووی: ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) لەبەر هۆز وگەلەکەم نەبوایە چاو ودڵتم ڕۆشن دەکرد وئیمانم دەهێنا..!!

## پەیامی پەنجا وسێ

## {أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ}

**واتـــە:** ئایا لە ناو ئەو هەموو خەڵکەدا ئێوە بە شوێن نێرینەدا دەگەڕێن ودەتانەوێت ئارەزووی جووت بوون لەگەڵ ئەواندا جێبەجێ بکەن؟!.

" هەر مرۆڤێک دەروونێکی تەواوی هەبێت بێزی لەم کارە قێزەونە دبێتەوە(نێربازی) کە بە داخەوە ئێستا بووەتە بەشێک لە پێشکەوتن!!! هەموو هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم یەک دەنگن لەسەر

ئەوەی کە ئەو کارە قێزەونەی ئەنجامدا دەکوژرێت. ئیمامی ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرمووێت: لەپێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم نەهاتووە کە هیچ کەسی سزا دابێت لەسەر ئەم کارە، چونکە ئەم کارە لە ناو عەرەب باو نەبووە وئەم کارەیان ئەنجام نەداوە..!!

بزیشکەکان چەند هۆکارێک باس دەکەن بۆ ئەم نەخۆشیە، چونکە ئەمە نەخۆشیە وەکو هەر نەخوشیەیەکی دەروونی تر کە خەمۆکیە یان ترسە هتد..!!

هەرچەند لەهەندێ وڵات بووەتە پێشکەوتن وئازادی تاکە کەسی، یەکێک لە هۆکارەکانی، پەروەردەیەکی هەڵەیە، هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئەو

کوڕە لە ناو خێزانێک گەورە ببێت ئەبینێت دایکی زاڵە بەسەر باوکی، هۆکارێکی دیکە سەیرکردنی فیلمی خراپە بە تایبەت ئەو فیلمانەی وا لەم شێوەیەتان، بە پێی کات حەزەکانی دەگۆڕێت وبەرەو لا ڕێیی دەڕوات، هەندێ هۆکاری دیکەش باس کراوە، هەر ئەم هۆکارانەم بە گرنگ زانی..!!

ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە مەرج نییە مرۆڤ هەستی بەوە کرد کە حەزی لە ڕەگەزی خۆیەتی ئەبێت دڵنیابێت ئەو حەزە سروشتی خۆی نییە، نەخۆشیەیەکە ودەبێت بە دوای چارەسەردا بگەڕێت..!!

# پەیامی پەنجا وچوار

**{إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ}**

**واتـە:** ئەی موحەممەد(صلى الله علیه وسلم) بەڕاستی تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن .

" ئەگەر کەسێک لەم ژیانە بمایە بۆ هەتا هەتایی ئەوە پێغەمبەری خودا دەمایەوە صلى الله علیه وسلم لەبەر ئەوەی بەڕێزترین مرۆڤ بووە لەلای خوای گەورە..!! زانیارییەکی زیاتریشت پێ بدەم ئەویش ئەوەیە پێغەمبەری خودا کەی وەفاتی کردووە لە چی ساڵێکدا؟

هەموو زانایان یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم لە دوانزەی ڕەبیعی یەکەمە لەساڵی یانزەی کۆچیدا لە کاتی چێش تەنگاودا گیانی سپاردووە..!!

خوای گەورە لەبەهەشتا لەگەڵ پێغەمبەرەکەی کۆمان بکاتەوە..!!

ئەنەس ڕەزای خوای لەسەر بێت دەڵێت: ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە هاتە ناو شاری مەدینەوە ڕووناکیەک بە شەرەکەدا هەڵکرا ئەو ڕۆژەی کە مرد شاری مەدینە تاریک بووەوە، چی موسیبەتێک بووە مردنی پێشەوای مرۆڤایەتی درودی خوای لەسەر بێت".

# پەیامی پەنجا وپێنج

{هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ}

واتـــە: بێگومان هەر خوای گەورە بوو کاتی خۆی پیشتیوانی لێ کردیت وسەری خستیت ئیماندارانیشی کردە هۆیەک بۆ بە دەسهێنانی سەرکەوتن(واتە هاوەڵە بەڕێزەکان).

" ئەم دینە بە ئازایەتی سەحابەکان بە ئێمە گەیشت ئەوان بە ڕۆح وگیان فیداکارییان دەدا، بۆ ئێمە نییە بەهیچ

شێوەیەک دەم درێژی بکەین بەرامبەر هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەر خوا لێیان ڕازی بێت، وەهەر کەسێک تانەو تەشەر لە سەحابە بدات ئەوە بە ناڕاستەوخۆ ئەیەوێت لە ئیسلام بدات مەگەر لە ڕێگەی ئەوانەوە ئیسلام بە ئێمە نەگەیشتووە؟!

ئیمامی سەبوکی ئەفەرمووێت: هەر کەسێک قسە بە سەحابەیەک بڵێت لەبەر ئەوەی سەحابەی پێغەمبەر بووە درودی خوای لەسەر بێت ئەوە کافر بووە..!!

بۆ هیچ کەسێک نییە قسە بە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خودا بڵێت ئەوان خودا لێیان ڕازی بوو با ئێمەش ئاگامان لە زمانمان بێت".

# پەیامی پەنجا وشەش

{إِن تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ}

**واتـــە:** ئەگەر خۆتان بپارێزن لەو تاوانە گەورانەی قەدەغە کراوە لێیان، ئەوە لە گوناهەکانی ترتان چاوپۆشی ئەکەین کە (بچوکن).

" تاوانە گەورەکان ئەگەر مرۆڤ تەوبەیان لێ نەکات شایستەی دۆزەخ دەبێت مەرجی لێخۆشبوون لە تاوانی گەورە تەوبەیە، جا لە ناو تاوانە گەورەکانی حەوت تاوان هەیە زۆر گەورەن کە بریتین لە(هاوبەش دانان

بۆخوا،سیحر،کوشتنی نەفسێک بە ناهەقە، ڕیبا خواردن، خواردنی ماڵی هەتیو، ڕاکردن لە جەنگ وپشت کردن لە موسڵمانان لە جیهادی شەرعی، بۆهتان کردن بۆ ئافرەتێکی داوێن پاک کە بێ تاوانە).

کۆمەڵێک تاوانی تر هەن گەورەن وەک زەم کردن کە ئێستا بووەتە میوەی دانیشتنەکان یان درۆ کردن، دوور بوون لە تاوان نور وبەرەکەتە بۆ دڵ ولاشە، ئیمامی موجاهید ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت مرۆڤ ئەگەر بە دڵ ڕووی کردە خودا ئەوە خوای گەورە وا لە دڵی بەندەکانی دەکات هەموویان ڕووبکەن لەو کەسە وخۆشیان بوێت..»

# پەیامی پەنجا وحەوت

{قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيۡدًا}

**واتـــه:** کاتێک پێغەمبەر یوسف خەونی بینی باوکی پێی فەرموو:ڕۆڵە گیان خەونەکەت مەگێڕەوە بۆ براکانت نە وەکو بە هۆی ئەوەوە فێڵێکت لێ بکەن وە توشی بەڵایەکت بکەن.

" مرۆڤ کە زانی کەسانێک حەسودی پێ دەبەن وتوشی کێشەی دەکەن با باسی ژیانی تایبەتی خۆی نەکات، هەروەها بەرنامەکانی خۆیشی بۆ ئاینده باس نەکات هەر لێرەشەوە دەروون ناسان

سوودێکمان پێ دەڵێن: ئەگەر ئەو بەرنامە وئامانجەی هەتە بۆ داهاتوو بە کەسانی ترت وت ئەگەری گەیشتنت بەو ئامانجانە لاواز دەبێت ڕەنگە هەر پێیشی نەگەیت..!!

فێربن پارێزگاری لە ژیانی تایبەتی خۆتان بکەن مەبنە کتێبێک هەموو کەسێک بتانخوێنێتەوە هەمیشە نا ڕوون بن..!!

# پەیامی پەنجا و هەشت

## {وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَ}

واتــە: هەوڵ بدە لە ڕۆیشتنتدا مام ناوەندیانە بڕۆ، بەرەو ئامانجێکی چاک هەنگاو بنێ، بە دەنگێکی هێواش ولەبار گفتوگۆ بکە وبدوێ.

" ئایینی ئێمە تەنها نوێژ و ڕۆژوو نییە، بە داخەوە مامۆستا ئایینیەکان باسی هەموو شتێکی ئەم ئایینەی ئێمە ناکەن، ئایینەکەمان گرنگی بە ناخی مرۆڤ داوە، گرنگی بە ڕەوشت وئەخلاقی مرۆڤداوە گرنگی بە کەسایەتیش داوە

ئەوەتا لەم ئایەتەدا فێری جۆرە ڕێکردنێک وجۆرە قسەکردنێکت ئەکات کە لەگەڵ باوەڕداریتیتدا بگونجێت..!!

«کاتێک پێنج فەرزە بە ڕێی مزگەوتەوەی خوای گەورە فێریشت ئەکات چۆن بە ڕێدا بڕۆیت وچۆن گفتوگۆ بکەیت..»

# پەیامی پەنجا ونۆ

**{وَقَالُواْ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأۡكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشِي فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ}**

**واتـــە:** ئەوانەی بێباوەڕن دەڵێن ئەم پێغەمبەرە چییەتی، خواردن دەخوات وبە بازاڕدا دەڕوات ودەگەڕێت.

" زۆر کەسە بەهەڵە ئەڕوانێتە پیاوی ئایینی بە ناوەی ئەوەی نابێت هەموو کارێک ئەنجام بدات کاریگەری ئەبێت لەسەر ڕەوشتی..!!

حەز ئەکەم پێتان بڵێم لە فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم لە ناو بازاڕدا لەپشتەوە

باوەشی بەسەحابەیەک کردووە تا ئەو سەحابە نەزانێت کێیە باوەشی پێدا کردووە، سەحابەکەیش دەڵێت تۆ کێی؟ دەزانێت پێغەمبەری خوایە، ئینجا پێغەمبەری خوا بانگ ئەکات ئەم کۆیلە بۆ فرۆشتنە بە دەم سوعبەتەوە هاوەڵە بەڕێزەکەیش دەڵێت :وابێت لەم بازرگانیەتدا قازانج ناکەیت کێ منی ئەوێت، پێغەمبەری خودایش دەڵێت بەڵام تۆ لەلای خوا گران بەهای، هاوەڵەکەیش ناوی (زاهیره)".

«ئایین واتا دووری لە حەرام، نەک لە ژیان..»

# پەیامی شەست

{إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ}

واتـــە: لە ڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن، کە واتە هەر کاتێک لە نێوان دوو براتاندا ناکۆکی پەیدا بوو ئێوە نێوانیان چاک بکەنەوە.

" خوای گەورە بە ئەمە فەرمانی پێ کردووین کەچی ئێستا بە داخەوە بە ناوەی ئایینی وشوێنکەوتەی سوننەت،

ئەبینی هەندێک بە ناو فێرخوازی وبەناو مامۆستا ئەم برایەتییانە نەهێشتووە..!!

خۆم یەکێک لە نزیکترین هاوڕێیەکانم پەیوەندی لەگەڵمدا بچڕاند بە مەبەستی لە خوا نزیک بوونەوەی، من هەمیشە وتوومە ئەوەی بە من بڵێت لە پێناو خودا قسەت لەگەڵدا ناکەم ، من لە پێناو خودا قسەی لەگەڵدا ئەکەم، ئەم برایەتییەی خوا فەرمانی پێ کردووە هەرگیز لەگەڵ ئەم ڕق ودابڕانە یەک ناگرێتەوە کە هەندێک کەس کردوویانە بە پیشە پەنا بەخوا، لە کاتێکدا ئەوەی قسەی نەبێت لەگەڵ موسڵمانێک خودا کردوەکانی وەرناگرێت".

# پەیامی شەست ویەک

{قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِيَ أَن تَذْهَبُواْ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ}

**واتـــە:** باوک پێغەمبەر یوسف بە براکانی یوسفی فەرموو: من زۆر غەم وپەژارە دەمگرێت لەوەی ئێوە بیبەن، دەترسم گورگ بیخوات لە کاتێکدا ئێوە لێی بێ ئاگان.

" یەعقوب لەوە ترسا گورگ یوسف بخوات، کوڕەکانی یوسفی برایان برد بۆ دەرەوەی شار ئێوارە گەڕانەوە وتیان بابە گورگ خواردی..!!

لێرەوە دەروون ناسان زۆر جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە مرۆڤ هەمیشە

گەشبینانە بڕوانێتە ژیان ئەگەری باش دابنێیت و ئەگەری خراپ دانەنێیت، زۆرجار بووە خەڵکانێک پارەیان لەماڵە هەڵگرتووە وتویانە بۆ کاتی نەخۆشیەک ناخۆشیەک، ماوەی بەسەردا تێپەڕ بووە هەر ئەو پارەی دابینابوو بۆ نەخۆشی، بە نەخۆشی خەرجی دەکات".

«ئازارەکانت بە خەڵکی مەڵێ، چونکە کاتێک بیانەوێ ئازارت بدەن سەرەتا بەوە دەستی پێ دەکەن..»

# پەیامی شەست ودوو

**{لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ}**

**واتــە:** خوای گەورە ئەو سوێندانەتان لێ ناگرێت کە لە دەمتان دەردەچێت ولەسەری ڕاهاتوون.

سوێند خواردن سێ شێوازی هەیە:

**یەکەم:** سوێندی «لەغوو» کە ئەمەیە وا خودا باسی ئەکات بۆ نمونە: کەسێک پێت دەڵێت وەرە لەگەڵم تۆ بەبێ ویستی خۆت دەڵێی (واللە نایەم) دواجار

لەگەڵیشی ئەڕۆی ئەم سوێندە هیچی لەسەر نییە چونکە بە بێ ویستی خۆت دێتە سەر زمانت.

**دووەم** :سوێندی دامەزراو(المنعقد) بۆ نمونە: دەڵێی واللە ڕۆژی هەینی دەچمە ماڵی باوکم، ئەبێت هەینی بچیت ئەگەر نا سوێندت دەشکێت ودەبێت کەفارەت بدەیت.

**سێیەم** :سوێندی «غەمووس» ئەمەیان لە تاوانە گەورەکانە بۆنمونە :دوکانداری کەسێک دێ شتێکت لێ بکرێت پێیت دەڵێت ئەمە ئەسڵە؟ دەڵێی بەڵێ واللــــە ئەسڵە خۆتیش دەزانی ئەسڵ نییە، جا ئەم سوێند خواردنە کەفارەتی نییە ئەوەیشی تەوبەی لێ نەکات نوقم ئەکرێتە ناو دۆزەخەوە و دەر ئەکرێت پەنا بە خودا.

ئیمامی شافعی دەفەرموویت:قەت سوێندم نەخواردووە بە خوا نە بە ڕاست نە بە درۆ. لەبەر گەورەیی خودا لە دڵیدا..!!

# پەیامی شەست وسێ

**{قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِىَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِى عَاقِرٌ}**

**واتــه**: زەکەریا وتی: پەروەردگارا؛ ئاخۆ چۆن منداڵم پێ دەبەخشیت خۆ من پیری تەنگی پێ هەڵچنیووم.

" کاتێک خوای گەورە ویستی لەسەر شتێک بوو هەموو سنورێک دەشکێنێت بۆ ڕوودانی ئەو شتە، هەر چەندە ئەو شتەیش مەحاڵ بێت لەلای مرۆڤەکان، ئەو خوایە هەر ئەو خوایەیە کە ئادەمی

به بێ باوک ودایک دروست کرد هەروەها حەوائی بە بێ دایک دروست کرد، هەروەها عیسای بە بێ باوک دروست کرد، میوەی زستانی لەهاویندا بە مەریەم بەخشی میوەی هاوینیش لە زستاندا، تۆ بڵێی ئاواتەکەی تۆ لەهەموو ئەمانە گەورەتر بێت وا تۆ ترسی ئەوەت هەیە خودا بۆت جێبەجێ نەکات؟!!".

# پەیامی شەست وچوار

## {وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ}

واتـــە: ئەوانەی ڕقی بە تینی خۆیان دەخۆنەوە دەبورن لە خەڵکی.

" ئەمە یەکێکە لە گەورەترین سیفەتی ئەو چاکەکارانەی وا خودا وەسفیان دەکات وخۆشیانیشی دەوێت، لێبوردەیی تەنها سیفەتی کەسە بەهێز ومەزنەکانە، کەسی لاوازهەرگیز ناتوانێت لێبوردە

بێت، لاوازەکان زۆر کورت بینن تەنها تۆڵە دەبینن..!!

مەسعودی کوڕی موحەممەدی هەمەزانی کەسێکی زۆر باش ولێبوردەبوو، خەڵکی دەبوریی ودەیوت: ڕابردوو باسناکرێت! لە دوای مردنی لە خەودا بینیان ولێیان پرسی، خودا چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردیت؟؟

وتی: لەبەردەمیدا وەستام و فەرمووی : ئەی مەسعود ڕابردوو باسناکرێت ببیەن بەرەو بەهەشت..! ".

# پەیامی شەست وپێنج

{أَوْلَٰئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ}

**واتــه:** ئەو باوەڕدارانەی وا هەمیشە لە سزای خوا دەترسن وهاوبەشی بۆ دانانێن وباوەڕیان بە ئایەتەکانی هەیە هەر ئەوانن کە:( پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی چاکەکان وە ئەوان بۆ چاکە کردن لە پێشن).

" ئەکرێت مرۆڤێک هەمیشە لە ناو ناز ونیعمەتەکانی خودا بێت تەنها لەبەر ئەوەی خێر وچاکەی بۆ خەڵکی دەوێت..!!

یەکێک لە فەیلەسوفە بە ناوبانگەکان دەڵێت: «ئەوەی گرنگ بێت ئێمە ئەنجامی بدەین ئەوەیە هاوسێیەکەمان وەکو خۆمان خۆشبوێت، لەگەڵ خەڵکیشدا بەو شێوە مامەڵە بکەین کە حەز ئەکەین لەگەڵماندا بەو شێوە مامەڵە بکرێت، ئێمە ئەوکاتە ڕقمان لە خەڵکی دەبێت کاتێک ڕقمان لەخۆمانە، وە لە خەڵکی دەبورین کاتێک کە لە خۆمان دەبورین، خۆشەویستیمان بۆ خۆمان هۆکاری ئەو کێشانە نییە وا جیهانمانی داگیر کردووە، بەڵکو بنچینەی کێشەکان ئەوەیە ئێمە ڕقمان لە خۆمانە..»

# پەیامی شەست وشەش

## {أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ}

**واتە:** ئاخــۆ ئەوانە ورد نابنەوە لە قورئان وتێی ناگەن..؟! .

" خەڵکێکی زۆر قورئان ئەخوێننەوە، بەڵام ئایا تەنها خوێندنەوەی مەبەستە..؟ بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە کە لە مەبەستەکانی قورئان تێدەگات..!!

ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت: ئێمە دە ئایەت دە ئایەت قورئانمان لەبەر دەکرد دە ئایەتمان

لەبەر دەكرد نا ڕۆیشتین دە ئایەتی تری لەبەر بكەین تا كردەوەمان بەو دە ئایەتە نەكردایە وا لەبەرمان كردووە..!!

هەروەها ئیمامی عوسمان دەڵێت:
« ئەگەر دڵەكانمان پاک بێتەوە، تــێر ناخوات لە قورئانەكەی خوا..»

# پەیامی شەست و حەوت

## {أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ}

واتـــە: یان تخوونی ژنەکانتان کەوتن ئەو کات(دەستنوێژتان بەتاڵ دەبێتەوە).

" ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەتە زۆر گرنگەکان، چونکە لەلای هەندێک کەس بووەتە کێشە، ئایا لاشەت بەر لاشەی هاوسەرت بکەوێت دەستنوێژت دەشکێت؟؟ زانایان لە مانای (او لامستم النساء) ناکۆکن، بەڵام ڕای زۆرینە بەهێزە ئەویش بەتاڵ نەبوونی

دەستنوێژە، کۆمەڵێک لە هاوەڵە بەرێزەکان وەک«ئیمامی عەلی، ئیبنو عەبباس،موجاهید» دەڵێن: مەبەست لەم ئایەتە سەرجێییە، کەوابوو بە لێککەوتنی هەر ئەندامێکی ژن وپیاو لە یەکتر دەستنوێژ ناشکێ، مەگەر سەرجێیی بکەن، بەڵام ئەوەی کە بەڵگەکان پاڵپشتی بکات ئەوەیە بە لێککەوتنی لاشە بەر لاشەی هاوسەر دەستنوێژ ناشکێنێت، ئەمەیش ڕای زۆربەی زانایانە، تەنها ئیمامی شافیعی پێی وایە دەستنوێژ دەشکێنێت..!!

# پەیامی شەست وهەشت

{وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً}

**واتـــه:** خۆشەویستی ومیهرەبانی خستۆته نێوانتان بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوه بارگرانی ژیان هەڵگرن ودرێژه به ژیان بدەن « خوای گەوره باس له تایبەت مەندییەتی پەیوەندی هاوسەری دەکات».

مەبەست له زەواج ڕەحم وبەزەییه نەک شەڕ و ناخۆشی، ئینجا مرۆڤ ئەبێت هاوسەرگیری وەکو پڕۆژەیەک تەماشا بکات ڕۆژانه کار لەسەر جوانکردنی

ئەو پڕۆژەیە بکەن ڕوو ئەکەم لە
خوشکانی خۆم وپێیان دەڵێم:
خۆشەویستی بکەن با هاوسەرەکانتان
ومنداڵەکانتان نوقمی خۆشەویستی ئێوە
بن، هەروەها هەمیشە با ڕۆحتان پڕ
وزە بێت بۆ ئەوەی لەکاتی بێ تاقەتی
باوەشی ئێوە جێی حەسانەوە و ئارامی
بێت، ئەوەیشی زۆر گرنگ بێت باسی
بکەن بە تایبەت بۆ ئافرەتان ئەوەیە:

کەسایەتیتان بەهێز بکەن مرۆڤی لاواز
خۆشەویست نییە، ناز بکەن خۆتان
خۆشەویست بکەن لە دڵی
هاوسەرەکانتان، پیاو ناتوانێت
ئافرەتێکی خۆش بوێت ئافرەتەکە لاواز
بێت، ئەگەر ئەو پیاوە خۆیشی لاوازی
کردبێت، پیاوان ژنی فەقیرۆکەیان

خۆش ناوێت ژنێکیان خۆشەوێ زۆر
بزانێت بەڵام ڕێزدار بێت ئاخر ئافرەت
بەڕێز نەبێت جوانیەکەیشی سوودی
نابێت بۆ ڕاکێشانی دڵی پیاو، پیاو ئەو
ژنە لە خوا ترسەی دەوێت لە دەرەوە کە
وەکو دایکە عائیشە، بەڵام لەماڵەوە ئەو
ئافرەتەی ئەوێت وا مەکرباز و سەرنج
ڕاکێشە، نەک لە ماڵەوە بێ تاقەت بێت
ولە دەرەوە پڕ وزەترین ئافرەت بێت..!!

پیاو بە سروشتی حەز بە سەرکێشی و
شتی ئاڵۆزە ئافرەتی سادە دڵی پیاو
ناگرێت، ئافرەت ئەگەر خوێنەر بێت
پیاو ئاشقی ئەبێت، پیاو ڕۆژانە ئافرەتی
زۆر بەرچاو دەکەوێت بەڵام لە ناخیدا بە
دوای ئەو ئافرەتە جیاوازە دەگەڕێت کە
زۆر کەسایەتییەکی جیاوازی هەیە، من

هیچ ڕێگایەک نازانم کەسایەتی ئافرەت
جوان بکات وەکو کتێب خوێندنەوە،
چۆن کتێب خوێندنەوە بەم شێوە باس
ناکەم کە هەر خوێندنەوەیە وات لێ
دەکات داواکردنەکانیشت بە شێوەیەک
بێت جیاواز لە تێکڕای خەڵکی، کەسە
لاوازەکان کاتێک داوایەک دەکەن
کەسی بەرامبەر بۆیان ئەنجام نادەن
بۆیانیش ئەنجام بدەن بە بۆڵە بۆڵ ودڵ
ئێشان بۆیان دەکەن، بەڵام ئەو ئافرەتەی
وا هێندە ڕۆح ودەروونی تێر وزەی
پۆزەتیڤە داوایەک بکات بە شێوە
تایبەتەکەی خۆی ئەوە بە زووترین کات
کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکرێ وبەوپەڕی
خۆشحاڵیشەوە، ئەوەی من لێرەدا باسی
دەکەم پەیوەندی بە جوانی وناشیرینی
ئافرەتەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە

پەروەردەکردنی دەروونی ورۆحییەتی چونکە مرۆڤ بیرۆکەکانی نێگەتیڤانە بن کاریگەری ئەبێت لەسەر ڕۆحی، بەشێوەیەک کاریگەری ئەبێت هەست بە ئارامی ناکەیت لە تەنیشتیدا..!!

بە برایانی خۆشم دەڵێم سەرکەوتن لە ژیانی هاوسەری پێویستی بە بوێرییە، پێویستی بەوەیە بڕیارێک بدەیت ئەو ژیانە دووبارەیە نەژیت کە ساڵانێکە خەڵکی لەسەری دەڕۆن وبەختەوەر نەبوونە، نە بە هەبوونی هاوسەر بەختەوەر بوون  نە بەهەبوونی منداڵ..!!

براکانم ژیانی هاوسەری ئەوە نییە وا خەڵکی باسی ئەکات بۆیە هەرگیز بە قسەی خەڵکی قەناعەتێکی هەڵە لە

مێشکی خۆتان مەکەنە بنەمایەک وا بزانن ئەوە ڕاستی ژیانە..!!

گەورەترین یاسا لە ژیانی هاوسەری ئەوەیە کەسێکی بەخشندە بیت بێ بەرامبەر، گرنگی پێ بدە با ئەو وەک پێویست گرنگی بە تۆ نەدات، خۆشت بوێت با ئەو بەو شێوەیەش تۆی خۆش نەوێت وا تۆ لە مێشکت داتناوە، «خۆشەویستانم ئەبێت ئەوە بزانین خۆشەویستی نابێت مەرجی تێدا بێت، ئەگەر ئەو کارەت بۆ کردم خۆشم دەوێی، یان بە منداڵەکەت بڵێی ئەگەر ناجیح بووی لە تۆ ڕازیم ئەگەر نا لە تۆ توڕەم، ئەمە لە هیچ کوێی خۆشەویستی جێی نابێتەوە..».

لە کۆتاییدا **دەڵێم**: مرۆڤ ئەگەر بەختەوەری دەوێت، دەبێت کتێب هەمیشە هاوڕێیی بێت..!!

**سوپاس بۆ خوای گەورە...**